دواهەمین هونارى دونیا ترشترین هونارى دونیا... ئیدریس موستەفا

ئەم بابەتە نوسینێکى ڕەخنەیى منە لەسەر ڕمانى "دواهەمین هونارى دونیا"ى بەختیار عەلى. بە یەکەم جار ڕمانى بەختیار عەلى بخوێنمەوە ئەویش دواى ئەوەى بیستم ئەم ڕمانە وەرگێڕدراوەتە سەر هەندێ زمانى بیانى لەوانە ئینگلیزى. من تەنها وەک خوێنەرێک، خوێندنەوەى خۆم بۆ ئەو ڕمانە بۆ جێندان ڕەخنەى جڕاوجڕدەخەمەروو. لەمەشدا پشت بەو تیئۆریە ئەدەبیە دەبەستم کە ڕەگەز بە خوێنەر دەدات دەق هەبسەنگێنى و ڕەخنەى لێبگرێ. ئەو تیئۆریە پێى دەوترێ (Reader-Response Criticism). لەبەر دوورودرێژى بابەتەکە بەیارمداوە لەمەودوا بە جێند بەشێک بەاوى بکەمەوە. ئەو ڕمانە دەکرێ لە زەر ڕووى ئەدەبى تڕەوە وەک زمان بە نموونەى ڕەخنەى توندى لێ بگیرێ بەڵام من لە هەندى بارى فکرى و چەمکخوازى کەمایەتى و سیاسیەوە ڕەخنەکانم دەخەمەروو. بە یارمەتى هەندێ قوتابخانە و تیئۆرى ئەدەبى و چەمکى فکرى دید و بۆچوونەکانم بیان دەکەم. لەوانە تیئۆرى ڕەخنەگرانەى ڕەگەزى (Critical Race Theory) یاخود سەسیەلۆجیاى فەرق و جوداخوازى، فیمینیزم، جێندەر، ماڕکسیزم، ستراکچراڵیزم، دیراسەى کەلتورەکان و میژوو وەک چەمکێک... هتد

بەشى یەکەم: ناوچەگەرێتى یاخود لەکەدارکردنى گەرمیانى

لەم بەشەدا باس لە بابەتى ناوچەگەرێتى دەکەم کە ئەسەرەکەى بە ئاشکرا لەم ڕمانەدا دەردەکەوێ، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ناتوانى بە دیاریکراوى لە کام قوتابخانە و تیئۆرى ئەدەبى یاخود چەمکى فکرییەوە لێى دەڕوانى چونکە باسى ناوچەگەرێتى بەوشێوەیەى لە وەاتى ئەمەدا هەیە و بەو شێوەیەى نوسەر نوسیوێتى کەمێک ئەستەمە ڕەچەڵەکى ئەدەبى بدەزیتەوە تاکو ڕەخنەکانى خۆتى لەسەر بونیاد بنێى، ئەمە جگە لەوەى خوێنەرگەلى نۆتەوکانى دى چۆن لێى تێبگەن بەو ڕادەیەى ئەمە دەیزانین. فەرق و جودایى لە نێوان کەسەکانى یەک کەمەگە خاوەنى یەک زوبان و یەک ڕەگەز و یەک ناسنامە و یەک خاکن چەندان ڕەهەندى فکرى و سیاسى و سایکۆلۆجى لە خۆى دەگرێ. بە نموونە ئەو جیاوازیەى لە نیوان ناوچەى سلەمانى و ناوچەى گەرمیان دەکرێ لە ڕەگەى کاراکتەرەکانى نەو ئەم ڕمانەوە زەر بە پەردە و ئاشکرایە، بە ڕادەیەک خودى نوسەر و ڕمانەکەى دەخاتە ژێر پرسیارى ئەخلاقى و ڕەسنبیریەوە.

گەرمیانیەکان بەتابیەت خەڵکی کەرکوک و دەوروبەری بەهۆی پێشینەکی دژواری بارودۆخی سیاسیەوە کە هەموان دەیزانین یان دەرکراون یاخود ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و بەرەو شارەکانی تری وڵات کۆچیان کردووە لەوانە سلێمانی و هەولێر. کاتێکیش دێنە شارەکانی تر دەست دەبەن بە هەر کار و وەزیفەیەک ژیانی خۆیانی پێ بگۆڕن. هەر خودی نوسەر تەوزیفی هەردوو کاراکتەرەکەی جوان کردووە کاتێک گەرمیانەکە بە پۆلیسەکی دادەنێ و سەرمانی مەزنی مەسئولی حزبی بە پیاو مەعقوڵی شار، دیارە مەبەست لە شار سلێمانیە، ناودێبات. بەڵام، لەڕووە گرفت و کێشە ئەخلاقیەکان سەرهەڵدەدەن.

هەموو ئەو کاراکتەرانەی لەو ڕمانەدا ناویان دەهێنرێت ئاماژە بە ناسنامەی ناوچەیتیان ناکرێ تەنها یەک کاراکتەر نەبێت ئەویش پۆلیسە شەقوشێنەکەی عەرەبانچیەکان و دەستفرۆشەکانی شاری سلێمانیە " مەلیک دولبەری گەرمیانیەکی سەرسەختی ژنحیز. ژنەکەی دەبرد بە مەسئولەکان." لا ١٥٦ لە بەرامبەردا کەسێتیەکی تری شاری سلێمانی هەیە کە باوکی محمدی دەشوشێ. محمدی دەشوشە " کوڕی یەکێک لە پیاوە ناسراوەکانی شارە، سەرمانی مەزن. ئەو پیاوەی لە دوای سەرکەوتنی شەشوە لە ژێرووەا ئەمینداری نهێنیە ترسناک و گەورەکانی ئەو شارەیە." لا٢٢ لەم دوو وەسفەدا ڕەهەندی ئەو فەرق و جوداییە دەبینی کە لە نیوان دوو ناوچەی کوردستانی باشرودا دەکرێ ئەویش ناوچەی سەمانی و ناوچەی گەرمیانە. بەزانێ ئەو روحی سلێمانچیتیانە لە کوێدا خۆی مەناسداوە. لە لایەک چ وەسفێکی ئیجابی کابرای سلێمانی، سیمانی مەزن، دەکات بەوەی مەژوویەکی پڕ شەڕ و شەوق و پڕگیرەکی کەمایەتی و سیاسی بەرزی دەداتێ. لە لایەکیتر، کابرایەکی گەرمیانی دەهێنێ و دەورێکی نابووت و پیسی دەداتێ بە سەرسەخت ناوی دەبات. سەرسەخت گەر دایبتاشین و مانایەکی ئەرێنی لێ پێدابکەین ئەوا نوسەر لەڕەدا بە مانایەکی قوڵی پێ لێ تەوهین و ئیهانە بە مرۆڤی گەرمیانی بەکاری هێناوە گوایە گەرمیانی توڕە و کەلەپوتن و هەژ و بازوو هەموو شتێکە لە لای ئەوان. لەمەش واوەتر لەسەر ئاستی شەخسی و خێزانی و کەمایەتی لەکەداری دەکات و ژنەکەی بە حیز و خۆیش بە گەواد ناوزەد دەکات. نوسەر لەڕەدا توشی گرفتێکی مانتقی بووە. باشە کەسێک گەر ژنەکەی بەرە بە بەرپرسی گرنگی گەورەی حزبەکان و وەزارەتەکان واز لەو کارە تاقەت پروکێنە پۆلیسیە ناهێنە کە دەست پان بکاتەوە لە جەند منداڵێکی دەستفرۆش تاکو شتێکی بدەنێ. لەو هەریمەی ئێمە، وەک هەموان دەزانن، ئەوەی گەوادی لەوجۆرە بە مەسئولە گەورەکان و وەزیرەکان بکات بە تایبەت ژنی خۆی ببات بۆیان ئایا نانی ناکەوێتە ڕەنوە و ناشبێت بە یەکێک

لە دەوڵەمەندەکانی شار!.
وەک گوتمان لەگەڵ ئاوەڕی گەرمیانیەکە وەک دەرندەیەک نیشان دەدات بە کوشتنی سەریاسی پالەوانە گەنجەکەی، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش لەکەداری دەکات بەوەی ژنەکەی حیزە و ژنەکەی دەبات بە مەسئولەکان؛ لە بەرامبەردا سەیمانی مەزن هەیە پیاوی مەعقووڵی شارە، شاری سلێمانی، و مەسئولە و لە چاوتروکانێکدا دوو کچت بە خانەنشین دەکات و دەیان نەرەت بە شوێنێک کە خەیان هەڵی دەبژێرن تەنها لەبەرئەوەی دەی کوڕە مردووەکەی شاد بکات، بە قەولی خۆی، بەوەی سەردانی گەرەکەی بکەن جار ناجارە. تە سەیری ئەم پیاوە ناودارەی شارەکە بکەن: مەسئولە، کوڕەکەی لە کوشکێکدا داناوە، دوو خانمی گەنج خانەنشین دەکات، ئەو سیاسەتی لەدان و کوشت و بڕی لە منداڵانی هەژار دەدرێت لەسەر شەقامەکانی شارەکەی ئەو پیاوە گەورەیەدا لە داروودەستەی ئەمەوە دەردەچێت کەچی ئەم پیاوی ناسراوی شارە و مڵیک دولبەری کارەندی ئاسایش و پۆلیس دەندەیە، کەلەپوت و منداڵکوژە و نێک هەر ئەمەش ژنحیزە و منداڵانی دەستفرەش هاواری لەدەکەن ژنحیز چونکە "هەموان دەزانن مڵیک دولبەر ژنەکەی خۆی دەبات بەرپرسەکی گرنگی دەفتەری سیاسی و کاربەدەستەکی گەورەی وەزارەت." لە ١٥٦ دواتر دەگەڕەوە سەر وشەی "ژنحیز" و چ ڕەهەندەکی فکری و ئەخلاقی بە دواوەیە، بەڵام من دەپرسم باشە نوسەر بە ناڕەت شارباژێریەکی ژنحیز، شارزووریەکی ژنحیز، پەنجوێنیەکی ژنحیز، پشدەریەکی ژنحیز یاخود سلێمانیەکی ژنحیز؟!

هەڵبژاردنی گەرمیانیەک لە لایەن نوسەرەوە و بەرجەستە کردنی لە کاراکتەرێکی ئاوهادا ڕکەوت نیە. لێرەدا ناچمە سەر ئەو فاکتەرە مێژویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیانەی کە روحی ناوچەگەرێتی لە سلێمانی دروست کردووە؛ بەڵکو راستەوخۆ دەچمە سەر ئەو واقعی سلێمانچێتیەی کە لەو شارەدا هەیە و بەچی لە عەقڵیەتی ڕەشنبیری و سیاسیکانیدا بەرجەستەیە هەر وەک چۆن لە نیو بەشکی زۆری ئەو خەڵکانە خەیان بە ئەهلی شارەکە یاخود ڕەسەنی شارەکە ناودەبەن. ئەو شارە وەک شارەکانی دی کوردستان چەندان شاعر و هونەرمەند و نوسەری پەگەیناددوو و شایانی ریز و ستایشە بەڵام نەک بکرە بە شانازیەک و بەسەر شوێنەکانی تردا رایبدەن. سلێمانچێتی لە بەرامبەر ناوچە و شارەکانی تردا بە تایبەت گەرمیان و بە دیاریکراوی ناوچەی کەرکوک شتێکی بەگەنەویستە. ناوچەگەرێتی جگە لەوەی لە روحێکی شانازی و خۆ بە موهیم زانیەوە دێت، بەڵکو دەرئەنجامی فەرهەنگ نزمی و خەفاوی ڕەشنبیری و تەنانەت گرفتی دەروونیشە. لە باری تیئەریەوە دەخزێتە نێو بیروکرداری

شۆڤینستیانەوە کە ڕەگەزێک یاخود جۆرێک لە خەڵک بە گرنگ تەماشا بکرێ و ئەوانی تر بە کەم و جاهیل و بوودە. هەوڵەر نمووندەیەکی زیندووی کە ڕۆژانە دەکەوێتە بەر تەوانج و تەلاری ناوجەگەرێتی. تەنانەت لە نیو حزبەکیشدا لەسەر ئاستی باڵادا دەبینین سەلماندنچێتی چەن دەوری خۆی دەگێڕە لە هاوسەنگی نێوان کەسەکان و هیزەکاندا. تەگەیشتن لەم کێشەیە لە سەر ئاستی جیهان چەند چەمک و تیۆرییەکی هەنایەدەر لەوانە تیۆری ڕەخنەگرانەی ڕەگەزجودایی (کریتیکاڵ ڕەیس تیۆری) کە نەک هەر ڕادەوستێتەوە دژ بە ڕەگەزپەرستێتی ڕەش پیست و نەتەوە بوومییەکانی هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکور و باشور بەڵکو بەرامبەر جوداخوازێتی ناوجەیی خەڵکانی ئاسیایی و ئەمریکای لاتینیش.

لە سەر ئاستی ڕەشنبیری ئەمە شاهیدی دەرکەوتنی ڕەوتێکی ڕەشنبیرین وەک ڕەهەندیەکان و بازنیەکی ڕەشنبیریش بە دەوریاندا کە سلەماندنچێتی لە نوسین و بەرخوردەکان و ئاسەرەکی تەواوی هەیە. ئەم ڕەوتە تەواوکەرە لەگەڵ عەقڵێکی سیاسیدا کە پێی وایە خەڵکانی کەرکوک و ناوجە دابراوەکانی تر دەبە سلەمانی بە جێبهێڵن و بێنەوە شونی خۆیان چونکە شارەکەیان ناخۆش کردووە! کە هەیە گوێی لەم قسانە نەبووبە گەر بە مانگێک لەو شارەدا ژیابێت. سەرباری ئەو سە دەیەی خەڵکانی گەرمیانی لەو شارەدا دوو سە نەوەیان لی دروست بووە بیری سلەمانچێتی هەر هەیە و لە بڕوداید. شاری شاران، شارە حەیاتەکە یان پایتەختی ڕەشنبیری چەند تەرمێکی کەمایەتی و سیاسی و ڕەشنبیرین لەو ئاراستەیەدا. لەڕەدا دەمەوێ ئەوە بڵەم من باس لە ڕەوتێکی شۆڤینی ناوچەگەرێتی دەکەم نەک تەعمیمی بکەم بەسەر هەموو خەڵکی ئەو شارەدا. جا ترسناکیەکە لەوەدایە ئەو ڕەتە لە عەقڵی سیاسیەکان و قەڵەم و هزری ڕەشنبیریەکاندا خراپ بەرجەستە بووە. بەختیار عەلی خۆی و ڕەمانەکەی نمونەیەکی زیندووی ئەو عەقڵی سلەمانچێتی و رق هاتنەوەیە لە گەرمیانی. بۆیە دەڵەم بەختیار خۆی چونکە لیرەدا ئەستەمە نوسەر لە دۆق جیابکەیتەوە بگرێ لە دۆقەکی ئاوهادا بەرجەستەیی نوسەر و دۆق مەری تاپۆی ڕەش تەختر. لە شونیکی تردا دەمەوێ سەر پەیوەندی نوسەر و دۆق.

بەشی دووەم: چەمکی عەشقی ئەفلاتونی

ئەم ڕەمانە لە ڕووی زمانەوانیەوە پڕ لە هەڵە، هەڵەها ائستی وێژەیی نوسینی ڕەمانەکە لاوازە و لەڕەدا من ناچمە سەر ئەو بابەتە، چونکە ئەوەی من لە دواهەمین هەناری دونیادا دەیبینم هەر بەتەنها هەندی هەڵەی بەکارهەنانی وشە نیە بەڵکو هەڵەی بەکارهەنانی چەمکە،

چەمکی عەشقی ئەفلاتونی دژوار (ل٢٢) واتە لەم ڕەمانەدا نەک هەر شوشە شکاوە بەکو وا ڕزدسوتە. ئەو عەشقەی موحەمەدی دەشوشەیەی نوسەر بەو تەخی و سەزداری و خونەاویەی باسی دەکات و ناوی لە دەنە عەشقی ئەفلاتونی، پەیوەندی بە ئەفلاتون و ئەوینی ئەفلاتونیەوە نیە بەکو تەواو خەشویستیەکی سەزداریە، ڕەمانسیە. عەشقی ئەفلاتونی کە خودی ئەفلاتون ئاگای لە نەبووە ناوی لە نراوە، گەر وەک پەناسە باوەکەی باسی بکەین ئەوا دوورە لە هەر سەزداری و دەداری و خەشویستی ناکامیەوە بەکو وەک ئەوەی دوای ئەفلاتون خەی نوسراوە عەشقی ئەفلاتونی بریتیە لە عەشق بە زانین و حیکمەت و بەها خەرخوازیەکان. چەمکی عەشقی ئەفلاتونی یەکەمجار لە لایەن ئەدیب و ئەکادیمیستی ئیتالیەوە، فارسیلیە فینچی، لە سەدەی پانزەدا بەکارهێنرا و ئەویش لەویدا باس لەوەدەکات کە عەشقی ئەفلاتونی عەشقەکی ڕوحیە و دوورە لەهەر هەستەکی سەزداری و سەکسی و جەستەیی و لەش و لارەوە. دیارە ئینکاری لەوەناکرێ ئەم چەمکە دواتر بەکارهات بەڵام ئایا چەن و تا چەند لە ڕاستیەوە نزیکە.

ئەرکی نوسەرە چەمکی هەڵە بە خوێنەرانی نەناسێنێ چەندە باو بێت چونکە تە بە ڕەمان مەژوویەکی تەدوین کراو دەنوسیتەوە کە پڕە لە زانیاری و ڕووداو و بیروباوەڕ و پەیوەندیە ڕەنگاڕەنگیەکانی کەمەڵگەیەکی دیاریکراو. بە وەسفی کەسێتی محەمەدی دەشوشە چەندان وشە و چەمکی تر هەبوون کە ئیشی من نیە بە نوسەر بڵەم ئەویان دابنێ بەکو شارەزایی نوسەر دەبە خەی ئەو شتانە بدەزێتەوە. ئەو وشانەی نوسەر ڕیزی کردوون لە وەسفی محمدی دەشوشەدا(عیشقی ناکام و خەشویستی ناکام و پرچی درێژ و ....هتد.) ئەو کەسێتیەی لە ئیوارەیەکی عەشقاویدا دەچێتە بەردەم مالی کچەک و پێی دەڵێ کە من تەم خەش دەوە لە کاتەکدا کچەکە ڕەتی دەکاتەوە و پەشنیاری خوشک بوونی بە دەکات، کەچی ئەم هەر ئینکاری دەکات لەوەی یەکیک لە کچەکان کە ناوی لاولای سپیە هەر دەبە خەشی بوێت، بگرە هەرشەیەکی سەزئامێز دەکات بەوەی پێیان دەڵێت " شتی وانیە، ئەوە خوشکی من نین، من بە هەموو تەفاندا هاتوم تا حەز لە یەکیکتان بکەم. من باران ناردومی تا لاولاوم خەش بوێت." لا٢٣ . ئەمە جگە لە ئەوپەڕی ڕەمانسیێت و زەردارەکی سەزداری و شێتگیری سەزی و هەستەکی کوڕانە هیچی تر نیە. دژواری وەک نوسەر ناوی لە دەنێت عەشقەکی ئەفلاتونی دژوار، ئەوە نیە گەر لە مانا باوەکەی ئەوینی ئەفلاتونیشەوە لیەوی بەوانی.
یەک شتەکی تر لە پەیوەند بەم جەمکەوە دەمەوێ بیەڵێم ئەویە کە عەشق و ئەوین یان عەشق و خەشویستی دوو شتی جیاوازن چ وەک وشە و

چ وەک مانا و چ ئەوەی لەوەدا بەکارهێناوە و خراوەتە پێش وشەی ئەفلاتون. لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و ئیتالیەکێشیدا (لەق، حب، ئامەر یان ئامەرە) بە خۆشەویستی ئەفلاتونی یان ئەوینی ئەفلاتونی باس کراوە نەک عەشقی ئەفلاتونی. من لەردا ناچمە وەزەی ئەو جیاوازیانەی نێوان عەشق و ئەوین بەڵکو هەر ئەوە دەڵێم کە لە جیاتی عەشقی ئەفلاتونی دەبوو ئەوینی ئەفلاتونی بوایە لەبەر رۆشنایی ئەو خالانەی باسم کردن.

بەشی سێیەم: کۆنەپەرستی و خورافات…

لەم ڕەمانەدا بە ئاشکرا دەقی ئایینی و کۆنەپەرستی و پڕ لە خورافات نەک هەر دەبینرێ بەڵکو بڕەوی پێ دەدرێ و تێئەریزەش دەکرێ. دیارە تێئەریزە کردنەکە لەسەر بنەمایەکی مێژوویی بابەتی یاخود زانستی نیە بەڵکو تەنها لەسەر کەلتور و نەریتەکی کۆنەکبووی بەماوەییە کە سەدان ساڵە لە نەو زەرەک لە کەمەگەکاندا پێڕەو دەکرێ کە ئایین و خورافات و کۆنەپەرستیە کەلتوریەکەی بەوپەڕی هەزەوە لە پشتیوانەوستاوە. لە لاپەڕە ٨٦ پاشەوانی ڕەمانەکە، موزەفەری سوبحەدەم، دەڵێ "شتەکان وەهان، حیکمەتێک هەیە من بیستوێک ساڵە دیلم.. حیکمەتێک هەیە من لەڕەم… حیکمەتێک هەیە من و تە لەم شوێنەدا یەکدەگرین.". لە بیروباوەڕی ئایینیدا بە نموونە ئیسلام لە کەمەگەی ئەمەدا، باوەڕهێنان بە قەدەر یەکیکە لەو ڕوکنە پایەییانەی عەقیدەی ئایینی لەسەر بونیاتنراوە و بە دیاریکراوی لە ئیسلامدا یەکیکە لەو شەش عەقیدەیەی ئایینی ئیسلام ڕیزی کردووە. شەش عەقیدەکە باوەڕهێنان بە: خوا، فریشتەکان، کتێبە ئاسمانیەکان، پێامبەرەکان، ئەو دونیا، قەدەر.

قەدەر ئەوەیە کە خودا خۆی پێشوەختە هەموو چارەنوسەکانی لە تەوەکان نوسیوە و ئەوەی ئەوەی بەسەر سروشت و گەردوندا دێت هەمووی لە نەخشە پێشوەختەکانی خودایە و ئەمەش بە خۆی حیکمەتێکی تیدایە. لە گەرانەوەیکی تردا کە نوسەر خۆیتی، لە تەئەمول کردنەکدایە دەڵێت "من پێم وایە ئەو منداڵانەی زوو دەمرن ئولفەتێکی قوتریان بە ئاسمانەوە هەیە." لا١٣٧ باوەڕهێنان بە ئاسمان و جیاوازکردنی ڕوحی منداڵ لە مردندا و پەدانی ئولفەتی قوڕ بەو مردنە داشتنێکی ئەدەبی نیە بەڵکو هەڵە تێگەیشتنێک و بەکارهێنانێکی نالۆجیکی و دوور لە هەر گوزارشتێکی عەقڵانیە بە مردن و منداڵ مردن. هەر سەبارەت بە مردن لە لاپەڕە ١٦٣ دەڵێت " من پێم شتێکی قەشەنگە مرۆڤ بیر لە شوێنی مردنی خۆی بکاتەوە، مافی ئەوەی هەبێت ئەو جێگایە هەڵبژێرێت، مافی ئەوەی هەبێت نیەوێت

لەگەڵ سەدان هەزار مردووی تردا بیخەنە گۆڕستانەوە." مرۆڤ حەز لە شۆنی مردنی خۆی بکات و کوڵی دەوە لەوە بنەڕەت دیدکی کۆنەپارێزی و بگرە گاتەجارێشە و دوورە لە هەر مەنتقێکی مادیەوە. ڕەگەی مێژووێی دید و هەڵوەست وەرگرتن و تەداروکات لە ناشتنی مرۆڤ بە ناوچاڵەک، خورافی و سەزداریە و پشتی بە هیچ ئاوەزێکی زاهیدی و بابەتی و زانستی وەها نەبەستووە تاکو بەڵن ناشتن پیرۆز. ئەوەی هەیە لە بارەی مردنەوە ئەو بیر و عادات و خورافەتە ئاینی و کەمەایەتیە کۆنەویستیەی کە لەسەر مردن و گۆڕ هەیە. لە دەرەکی مرۆڤدا و تەنانەت لە ئێستاشدا سوتاندن و سپاردنی لەش بە ئاو یاخود بە خۆکردنی وەک ئەوەی ئێستا لە زەر ولاتی دەرەوەدا ئەنجام دەدرێ هەندێ تەروانینی مادی و بابەتی تەدایە کە لەڕدا بواری ئەوەم نیە باسی بکەم؛ بەڵام بڕوادان بە کەلتووری مردن و گۆڕ دیاریکردن بە: ڕفاندنی منداڵەکی فیشەک پێکراو و خوێن لەبەر ڕێیی بە بن دارێک یان جێگیەکی دوور بوایە و شەرعیەتدان پێی گوایە خواستی خەیاتی... ئەمە جگە لە خورافاتێک و پیرۆزکردنی مردن بەو شیوە خورافاتە هیچی دی نیە. هەڵاتن لە دەسەاتدارێتی ناعەدالەتی تەندروستی شار و پەنابردنە بەر پەناگەی مردن بەو شیوەیە هەمان ئەو وێنەیام پێ نیشان دەدات کاتێک دەسەتدارێتی کوردی بنەبست بوو لەوەی وەڵام بە باری سیاسی و روحی کەمەگەی کوردی بداتەوە ئیسلامیەکان خەیان پیداکرد و ئێتەرناتیڤی سیاسی و کۆنەپەرستی کەلتووری خەیان هەنایە نێو زهنی خەڵکەوە و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ جەمکی مردن لە لایەن نوسەرەوە لەو تەلیسمە بابەتیەوە سەرچاوەدەگرێ. لە رووی هونەریەوە مردن و گیان کەشانی مەردمنداڵەکی لانواز، سەریاسی سوبحەدەم، بە دەردەسەری و ترسەوە لە شەوەکی تاریک و تنەکدا و خستنە خەتەریاتی گیانی چەندان هاوڵێ و کەسی تریەوە جگە لە راکەشانی سەزی خوێنەر بەڵای ڕەمانەکدا هیچ حیکەمەتێکی تری تەدا نابینرێ.

هەر لە پەیوەند بە مردنی سەریاسەوە و پیرۆزکردنی کردنی گۆڕەکی و ئەو پەنهانییەی لە ژیانی سەریاسدایە دوو ناوی تر دێنە پێشە ئەوانیش ئادەم مەرجانی کەمەنیست و ژینەی مەخمەڵی کە ئیسلامیێ. لەگەڵ ئەوەی ئەم دوانە هەردووکیان هاوڵێی نزیکی سەریاسن و هەردووک وەک یەک لە ژیان و مردنی سەریاس دا بوونیان هەیە، کەچی لە گۆڕانەوەدا نوسەر بایەخێکی ئەوتە بە ئادەم مەرجان نادات چونکە کەمەنیستە بەڵام گرانەوەی چیرۆکێکی درۆژ دەداتە ژینەی مەخمەڵی

ئیسلامی کە تێیدا شەرحی بیروباوەڕی ئیسلامیانەی خۆی بکات لە پێیوەند بە شێوی مردن و ناشتنی سەریاسەوە. بۆچی؟ چونکە ناسنامەی ئاینی ژینەی مەخمەڵی یارمەتیدەرێکی باشە بە گەلانەوەی ساتەکانی مردن. هەردوو لاپەڕەکانی ١٦٤ و ١٦٥ هەمووی قسەکانی ژینەن. باسکردنی ئادەم مەرجانی کەمانیست لە یەک دوو دیمەن و لە زمانی دوو کەسەوە باس دەکرێ بە یەک دوو وشە و هیچی تر لە کاتێکدا ژینەی موسڵمان دوو لاپەڕەی بە تەرخان دەکرێ لە لایەن نوسەرەوە. ئەمە ڕەکەوت نیە و لە بابی هونەریەوە نیە بەڵکو لە ئایدیا و هەڵوێستی خودی نوسەرەوەیە کە دەیەوێ بایەخ بەو چەمک و کایانە بدات کە ئامادە و حازربەدەستن و زووتر دێن بەدەستەوە بە ئیشکردن و حوندرکردن تێیدا وەک ئاین و تەداروکاتەکانی تری کەلتوری ئاینی وەک مردن و ناشتن. گەر لە بابی سیاسیەوە تەماشای چەمکی مردن بکەین بەوەی کە ئارەزووی لە کوێیە با لەوە بنەڕەت، ئەوا شەرعیەت دانەکی تەواوە بە مردن و گەڵەکانی سەرکردە و خەزانە حزبی و سیاسیەکانی لای خەمان. لەسەر ئاستی جیهانیش داکەکی کردنە لەو گەلەستانانەی بە پیاوە ماوقوڵەکان یان ئینسانە گەورەکان. گەلەستانی پێغ لاشەس لە فەرەنسا یەکێکە لەو ڕەمزانەی نەک هەر کەلتوری مردن بەڵو پیددا بگرێ جیاکاریەکی چنایەتی ڕەنگ پەدداتەوە کە دوای مردنیش جیاوازی لە نیوان ئینسانەکاندا دەکات. ئەو مرۆڤەی لەبەر ژیان یاخود ڕەکەوتی ژیان ئەوەی پێ نەبەخشی ببی بە کەسەکی ناودار و هەر بە سادەیی و سانایی خۆی مایەوە و ماڵ و منداڵی گوناهیان چێ باوکیان یا دایکیان لەو گەلەستانە بە ناوبانگانەدا نانێژرێن یاخود ئەو ملیانان مرۆڤەی جینەسایدکران و لە مەرگەساتی جەراوجەردا مردن و فریای ئەوە نەکەوتن بە دەی خەیان و لە شوێنی دەخوازی خەیان بە "قەشەنگی" بنێژرێن.

بەشی چوارەم: نابوت کردنی چەمکی سیاسەت و شەڕش

لە باس کردنی چەمکی سیاسەتدا نوسەر ڕەک دەکەوێتە نەو ئەو بەرەی عەوامەی کە پەیان وایە سیاسەت هەمووی دڕیە، پیسی و چەپاوە، تاقمەکی حزبی و سەرکردە و بنەمالەی دەسەڵاتداری چەکدار خاوەنی سیاسەتن. دەسەڵاتداران لە گشت شوێنەکی ئەم دونیایە و بە تایبەت لە ناوچەکەی ئەمە تەوانینی ئاوها بە پارە دەکەن و بگرە خەشیان بە چەندان شێواز و ڕەگای جەراوجەر بڕوی پێددەن تاکو خەڵک هیچ ئامادەییەکی نەبە لە کاری سیاسیدا و ئەوبکەنە عەقڵ کە سیاسەت تەنها مافی ئەوانیە دەسەڵاتیان بەدەستە یان لە حزب و چکداریەوە تەوگلاون. گەر ئاوەڵک لە سەرهەڵدانی چەمکی سیاسی بدینەوە دەبینین کە دەسەڵاتدارەکان سواری ملی سیاسەت بوون و بەکاریان هێنا

بە خەیان، چونکە دەسەلاتداریتی پێش سیاسەت هەبووە و سیاسەت لەگەڵ دەرکەوتنی شار و بە بەرەوبردنی شار هاتە ئاراوە و هەر خودی رەگەی وشەکە و چەمکەکەی لەوەوە هاتووە. بەیە سیاسەت لە بنەڕەتدا هی خەڵکی شارە و ئەوان بزوێنەر و کاراکتەری سەرەکیەکەین بەرامبەر مانا راستەقینەکەی خەی لە دەست دەدا کاتێک دەستبژێرێک لە چینی دەسەلاتدار و هێزی جەکدار و بنەماڵەکان دەستی بەسەردا دەگرن و دەیکەنە مەرکی هەمیشەیی خەیان و لە تەوەڵی خەیانی دەدەن.
بەدبەختیەکە ئەوەیە نوسەر و ڕەشنبیر بەن و ببنە تیئەریسیەنی ئەم عەقیدەتە، عەقیدەتی رق هاتنەوە لە سیاسەت، هەر وەک چەن لە چەند شوێنکی دواهەمین هەناری دونیادا ڕەنگ دەداتەوە . بە نموونە لە لاپەڕە ٥٧، یاقوبی سنەوبەر یاخود سەرک بە موزەفەری سوبحەدەمی هاوڕێی گیانی بە گیانی سیاسی دەڵێت نەمدەویست "بتهێنمەوە بە ئەرە، بە ناو سیاسەت، بە ناو پیسی و چەپاوی ژیانی ڕۆژانە." لە لایەکی تر ئەمە بەرەو ڕوی قسەیەکی تر دەبینەوە کە قسەوباس زەر هەڵدەگرێ. بە نموونە هەر لە لاپەڕە ٥٧ دا بە یاقوبی سنەوبەر بە موزەفەر دەڵێت "تە زەڵکی دەگمەنی ڕۆژ پاکەکانیت" بەیە نەمویستووە "بتهێنمەوە بە ئەرە، بە ناو سایەت، بە ناو پیسی و چەپاوی ژیانی ڕۆژانە." ڕۆژگاری پاک و زەڵەن و دەگمەن یانی چی! ئایا لە چ دەورانکدا سیاسەت لە وڵاتی ئەمە بەتایبەت سیاسەت کردن لە شاخ، ڕۆژگاری پاک و بەگەردی هەبووە؟! بگرە لە کام وڵاتانی تری دونیا سیاسەت پاک و بەگەردی هەبووە. کام وڵستگە هەیە لە مێژووی سیاسی وڵاتی ئەمەدا پاک و بەگەرد بە تایبەت ڕۆژگاری زەڵین بەت!
من وەک خوێنەریک نەک هەر گرفتم لەگەڵ تێگەیشتنی چەمکەکاندا هەیە بەڵکو خودی وشەکان هەند ناحەز و کرچ و کاڵن و مانایەکی ئەوتە نادەن بەدەستەوە. بە نموونە: پەدەچێ، بە پێی تەمەنی موزەفەر و ڕووداوی گرتنەکەی بەت نوسەر باسی کەتایی دەیەی حەفتاکان و بەرەبەیانی ساڵی هەشتاکان بەت. ئەو دەورەیە یەکەک لە پیسترین و نابوتترین ڕۆژگارکانی دەورەی سیاسی بوو لە وڵاتی ئەمە دەست پەکرد و بگرە بنەمای کارساتگەلێکی نەبەاوە بوو بەسەر میللەتی کورددا کە ئێستاش بەردەوامی هەیە و کارساتباوراوترین شت کە ئەو دەورەیە هەنای لەگەڵ خەیدا بە ڕۆژگاری ئێستە کاە بوونەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و بیزاربوون و نابوتبوونی نیشتمان لە لای خەڵکی، ئەو ناسنامە نەتەوەییەی مرۆی کورد دەهاەڵ لەوەتەی چاوی هەڵهێناوە. ئایا "ڕۆژگاری پاک و زەڵینە" ئەوەیە سەرکردە و بەرپرسیی جاسوسی ناوچەیی و جیهانی و مافیایی بهێنتە دەر و خەڵکانی دەپاک و سادە و دەسەزی ناو شار و ژیانی هەزاران جوتیار و گوندکانیان بکاتە قوربانی و خەڵەمش بە سیاسەتە نامراڤیکانی

خۆی. لەسەر ئاستی حزبی و سیاسیش ئەو دۆرێیە بە پیلانگێڕی و پاکتاوی ناوخۆیی حزبی و شۆڕشی فەوتاندنی گروپێکان دەستی پێکرد کە لە مێژووی سیاسی کوردا وێنەی کەم.
شتێکی سەیرتر ئەوێیە لەو ڕمانەدا لە هێندە شوێن وشۆگەلی وەک شۆڕش و سەرکەوتنی شۆڕش بکاردەهێنرێت کەچی لە شوێنکی تردا، لا ١٠٤، شۆڕش بە درێژکی گوڕ لە قۆناغم دەدات. کام شۆڕش؟ ئەگەر مەبەست لەوێیە لە کوردستانی باشور رووبدا ئەوە بە هیچ شێوێیەک شەرش نەبووە، بەڵام لەڕەدا چەمکی شۆڕش لە ژێر هەڕەشەدایە و هەکارەکەش ئەوێیە نوسەر بە ئومێد بووە ، کەچی لە لا ٥٢ هەر خۆی باس لە سەرکەوتنی شۆڕش دەکات کاتێک باس لە سەماهنی مەزن باوکی محمەدی دەشووشە دەکات، دەڵێ " ئەو پیاوەی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەوە لە ژێرەوەرا ئەمینداری نهێنیە گوڕە و ترسناکەکانی ئەو شارێیە." هێندە دژبێکی هێیە لە باس کردن یاخود فەوزایەک و هەرایەک لە بیرکردنەوە و دیدی نوسەردا هێیە سەبارەت بە شۆڕش و سیاسەت کە ئەمسەر و ئەوسەری دیار نیە. گریمان شۆڕش سەرکەوت بەڕام کام سەرکەوتنی شۆڕش؟ ئەوەی لە کۆتایی حەفتاکانەوە سەری دەرهێنا و بووە بەڕا و نەگبەتی بە ئەو وڕاتە جوانەوێکی سیاسی چەکداری بووە و پێوەندی بە شۆڕش و مافی گەلەکەوە نەبووە ئەمە چ لە باری واقعی و مێژووییەوە وادەرچوو هەروەها لە باری تیۆرێشەوە هیچ بنەمایەک و جیهانبینیەکی شۆڕش و خەباتی گەلەکی تەدا بەرجەستە نەبوو بوو.

بەشی پێنجەم: تاکردنی ژن لە هەنارە ترشکەی بەختیار عەلیدا

فیمینیزم ئەو قوتابخانە فکری و ئەدەبییە کە جگێیەکی ئەجگار باڵای هێیە لە لەکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتە ئەدەبیەکاندا. کاری سەرەکی فیمینزم لە دونیای ئەدەبیاتدا باس و خواسی بابەتیانەیە لەسەر جگەورگەی کچ و ژن لە کەمگەدا. ڕەخنەی سەرکی فیمینیزم لە کارە ئەدەبیەکان ئەوێیە گەر هەکاری هەل و مەرجە ئابووری و کەلتووری و فەرهەنگیەکان فەرامۆش بکات. ئەو فەرامۆشیەی لە خوێندنەوەی ڕمانی دواهەمین هەناری دونیادا دەبینین. لە بری ئەوەی ببینین ئافرەت چ قوربانیەکی ئەو سیستەمە سیاسیە ئابوریە ناعەدالەتخوازیەیە کەچی دەبینین وەک عەیبێک یان شەرمکی کەمایەتی پیشان دەدرێت. کاتێک ژێرخانی ئەو عەیبکاریەی ئافرەت نەبینرێت، نابینایێک لە تەوانیکان دروست دەبێت و کەلتوروفەرهەنگی کۆنپەرستی و پیاوساری لە بەرهەم دەهێنرێت. سەزانی و ژنە خراپکان (لا٢٠٣)، ژنحیزکان (لا١٥٦) ئەو چەند چەمک و وشەگەلن کە لە ڕمانکەی بەختیار عەلیدا بەرچاو دەکەون. ئاسایی

گەر لە زمانی کارەکتەرەکانەوە بێتە دەر بەڵام لە زاری نوسەر خۆیەوە بێنە دەر یاخود ئەو پاڵەوانەی تەمسیلی خەی دەکات ئەوا ڕەمانەکەی دەکەوێتە بەر ڕەخنەی جدی لە لایەن قوتابخانەی فیمینیستیەوە. بە نموونە باس لە خراپی مەسئولەکان دەکات لە بەرەوشتی ئافرەتەوە، کاتێک مەسئولەکان دیار نەبن ئەوا "لە دەوری ماڵی ژنە سەزانی و خراپەکان کەبوونەتەوە."(لا٢٠٣) یاخود بە ئەوەی بەرپرسێکی پلیسی خراپی وەک مەلیک دولبەر پیشان بدات لە ریگەی سووکردنی ژنکەیەوە دیناسێنە بە خوێنەر بەوەی کە "گەرمیانیەکی سەرسەخت بوو." ژنحیز بوو، ژنکەی دەبرد بە مەسئولەکان: (لا١٥٦) کاتێک ئافرەت وەک مرۆڤێک ناچار دەکرێت لەشفرۆشی بکات ئیشیک وەک هەر کارێکی تر لەو سیستەمدا هەیە، لەشفرۆشیکەی هەر بە تەنها لە یەکەیەکی قەبەی ئابووری دا نامێنێتەوە بەڵکو دەبێتە مەرکەکی کەمایەتی خراپ لە نیوجەوانی ئافرەتەکە دەدرێت و وشەگەلی وەک سەزانی و ژنحیز و ئافرەتی خراپی لەدەکەوێتەوە. دیارە لێرەدا ئەو پیاوانەشی مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کارانە دەکەن قوربانیەکن، و لەبەرئەوەی جەندەریان جیاوازە وشەگەلی وەک گەواد بەکاردەبرێت بەیان. لە وڕانگەی بابەتی فیمینزمەوە "مەلیک دولبەری گەرمیانی ژنحیز"، وەک بەختیار دەڵێ، قوربانی ئەو بارودۆخە نالەبارە ئابوریە سیاسیەیە. سەزانی و گەواد دوو قوربانی مەرالی ئەو دونیایەن کە ناعەدالەتی تا بیناقاقای مرۆڤکانی کەمەگە هاتووە بەهەی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە پیاوماقولی شاری وەک سەمانی مەزن و سەرەک یاقوبی سنەوبەر سەرکدرایەتی دەکەن.

دواهەمین هەناری دونیا ترشترین هەناری دونیا

بەشی شەشەم: نوسینەوەی واقع وەک ئەوەی نوسەر دەیەوێت یاخود وەک ئەوەی کە هەیە.

ئەمە یەکەم ڕەمانە ببینم کە نوسەر بە دەخوازی خەی شتەکانی نەو واقعی کەمەگەیەک بە دەی خەی بنوسێتەوە نەک وەک ئەوەی کە هەیە. لە ناوی کاراکتەرەکان، لە حیواراتی نەوان کاراکتەرەکان، دەستکاری کردنی کەلتووری قسەکردن، تا دەگات بە دەستەواژەی هەمە. ئەمە هەموومان خەڵکی ئەو وڵاتەین بەتایبەت لە سەلەمانی زەر ژیاوین و ئەو ناوانەی لەو ڕەماندا هەن نەک هەر زەر سەیرن بەڵکو غەریبیشن چونکە ناوی ئاوها نین وەک لەویدا دارژراوە. هیچ ڕەمانێک، ئەوەندەی من ئاگاداربم، نەمدیوە ناو و ناودارێتی کاراکتەرەکان بە دەی خەی دروست بکات یاخود بە پیتی لەکدراوی دەخوازی خەی دابنە بەڵکو ئەوەی لە واقعدا هەیە بەتایبەت لەقەب و ناوونیشان ئاوها نوسیویانەتەوە. پاشان هەموو ناوەکان لەقەبکیان پەویە کە ئەمە

بەخەی ناسازیەکی داوە بە رەمانەکە کە نەتوانی چەژی ئەدەبی لە بکەی بە تایبەت زمانی نوسینی رەمانەکە زمانەکی سەرفی سلەمانچیانەی دوور لە ئەدەب و وشەیی ئەو نوسەر و ئەدیبانەیە کە لە شاری سلەمانیدا هەیکوتوون هەمیشەش وەک ئەستێریکی پرشنگداری نەکوژاوە دەمێننەوە. گریمان ناوەکان هەموویان هەن لە کەمالگەی ئەمەدا بەڵام ئەستەم هەموویان لە یەک شوێندا کەبێنەوە. ئایا ناوی بەو شێوەیە لە کوێی کوردستاندا هەیە بە تایبەتی هەموویان بە کەمی لە یەک شویندا هەبن: ئادەم مەرجان، ژینەی مەخمەڵی، نادیمی شازاد، سەریاسی سوبحەدەم، مەلیک دولبەر، یاقوبی سنەوبەر، شادەریای سپی، ....هتد.

ئەم شیوازە لە ناودروستکردن ئەو دیاردە سێریەی باشوری کوردستانی خەمانم دەتەوە کە هەندە کاراکتەری سیاسی بە تایبەت ئەوانەی بە خەیان دەڵێن "ئۆپۆزسیۆن" لە ئەمدا ناوەکانیان عەرەبی بووە، کردوویانن بە کوردیەکی پەتی کەچی پەوپاگەندەی ئیخوانیزمچەتی و کۆنەپەرستی ئاینی پەدەکەن. بە نموونە کابرا ناوی فتاح بووە ناوی خەی کردووە بە رەبین، لە کاتێکدا ئەو دەمەی ناوی فەتاح بوو ئیدیعای مەدەنیەت و پێشکەوتووخوازی دەکرد بەڵام کە ناوی خەی گەیوە بە ناوەکی تازەی کوردانە خەریکی ئیدیعای کۆنەپەرستی ئاینیە و فەرهەنگی کوردەواری پە وەران دەکات. ئەم دیاردەیە پێش ئەوەی بەختیار عەلی بیسەپێنە بەسەر خوێنەردا گوایە ناوی جوان و کوردین، نابودیەکیمان لە ئەزمونە سیاسیەکیدا دیت. فەرج فەدەی گەورە نوسەری میسری پێی وایە کە: سەپاندنی ئەخلاقی جوان بەزەرەکی کەمەگەیەکی جوانی لە بەرهەم نایات بەڵکو کەمەگەیەکی مونافیق. ئەم قسەیەی فەدە بنەمایەکی بابەتی هەیە و من لەم سونگەیەوە بەرجەستەی دەکەم بەسەر ئەو دیاردەی ناوە دروستکراوانەی نەو رەمانەکەی بەختیار و دەلەم خزاندنی ناوی خوازراو و دروستکراوی بە کەمی لە ناوهێنانی کاراکتەری ئەدەبیدا نەک هەر بەرهەمەکە دەئازینەتەوە بەڵکو ناحەزی دەکات و ناسازی دەکات. هەروەک چۆن باسمان لە دووروویی کاراکتەرە سیاسیەکان کرد لە بارەی دژایەتی ناوەکانیان لەگەڵ پەیامەکانیان، لەم رەمانشدا هەمان تاس و حەمام دروست بەتەوە. بەختیار ناوی کوردی پەتی دەهێنە کەچی پەیامی کۆنەپەرستیان لەوە بەاودەکاتەوە. لە بەشی سێهەمی ئەم نوسینە بە ناوی (کۆنەپەرستی و خورافات) ئاماژەیەکی تەواوە بەم بابەتە.

حیواراتەکان... شوێنگەی کەمایەتی کەسەکان ئاستی ئاخاوتن و رەشنبیریان دەردەخات. ئەستەم کارەکتەری نەخوێندەوار و بە خانە و لانە کە هیچ یەکیان حەرفەکیان نەخوێندەتەوە یاخود کەلکە

خوێنەوارێکیان هەیە کەچی ئەو گفتوگۆیەی ئەوان دەیکەن هەند لە ئاستێکی بەرزدان کە زۆر دژ دەکەوێتەوە لەگەڵ بارە کۆمەڵایەتیەکەیاندا. لێرەدا مەبەستم لە ئاستی تێگیشتن نیە بەڵکو لە ئاستی لێهاتوی قسەکردنەوەیە. چونکە دەکرێ کەسێکی عەوام زۆر تێگەیشتووتر و عاقڵتر بێ لە هەزاران ڕۆشبیر و ئەکادیمی و نوسەر بەڵام ئاستی گفتوگۆکردن شتێکی ترە. گفتوگۆی نەوان یاقوبی سنەوبەر و موزەفەری سوبحەدەم نەک هەندێ لە ئاستێکی بەرزدایە کە هیچ سیاسیەکی کورد بەوی ڕەیشتوون و ماویشن لە ئاستی بالایی ئەوگفتوگۆیانەدا نین بەڵکو لە هەندێ بگەرا قوڵبوونەکی ئینسانی وەهای تیدایە کە مرۆڤ سەرسام دەبێ ئایا ئەوانە دوو ئەدیب، دوو قوتابی فەلسەفەن یان دوو کەسی سیاسین. دەکرێ لە کادرەکانی خوارەوە کەسانی بێ توانا هەبووبێ بەڵام لە ئاستی سەرکردەتیاندا کام سەرکردەی کورد ڕۆشنبیر و بیرمەند بووە و کامیان دێ و ویژدانیان بێ هاوڵاتیەتی لێیداوە و ڕۆزیان لە یەکتر گرتووە وەک لە دەمی یاقوبی سنەوبەرەوە دەیبیستی. لە دیمانەکی تردا، ئەو گفتوگۆیەی لە نیوان ڕۆژنامەنوسەکە و سەریاس دەکرێت، لا ١١٥، بەیەوە دەچێ لە شوێکی بەرئاگرداندا لەوێ دەچێ سەریاس قوبایێکی زیرەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت. دەکرێ را و بۆچوونی واقعی و جوانی هەبێت بەڵام بەو ئاستە بەرزە لە بەکارهێنای وشە و ڕستە و جەدەلیەتی گفتوگۆکە ئەستەمە گێنجکی بێ بەخت و بێ کەس ئاوها بدوێ. ئایا لە کام ڕەمانی دونیادا دیاردەی ئاوها دەبینرێ، ئەمە کارەکی ئارەزومەندانە نیە تاکو نوسەر خۆی بخوازێ وابێ. حیواراتی ناو چیرۆک و ڕەمانەکان ئەوە نیە کە نوسەر بە دڵخوازی خۆی موناقەشە بە کەسەکان دیاری بکات بەڵکو ئەوە پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانە جۆرێتی بوونی ئاستی گفتوگۆ دەردەخات. لە چەندان بگەی تردا ئەم جۆرە لە گفتوگۆی قوڵ دەبینرێ کە لەوە تێپەیوە وەک کاک بەختیار دەیەوێ قەناعەتمان پێ بکات کە "هەندێ کەس دەتوانن خۆیان پەروەردەبکەن!! لا٢٣٦.

لەم بەشەدا من شەی وشەی ریزمانی ناکەم نەڵکو باس لە ڕەک کردنەوە و دانانەوەی مانای وشەکان دەکەم. لە کەلتوری قسەکردنی کاراکتەرەکاندا نوسەر دیسانەوە ئیرادەی خۆی فەرز دەکات و ئەو وشانەی لە کەلتوری کۆمەڵگەی کوردیدا بەکاردین ئەم ئاوها ناکات واتە واقع نانوسیت وەک ئەوەی هەیە بەڵکو ئەوەی خۆی حەزی پێدەکات بینوسێتەوە. بە نموونە لە زمانی کوردیدا، هەروەها لە زۆرێک لە زمانەکانی تریشدا، هەمیشە وشەی قوربان بەکارهاتووە بە کەسێک ڕیزی لێبگری یاخود پایەی کۆمەڵایەتی و مادیەکی شتێکی تر بێت لە ناو کوردا هەر گوتراوە قوربان، نەوتراوە گوورەم بەتایبەت گەر کەسەکان

لە یەک تەمەن و یەک چینبەندی کۆمەڵایەتیدابن. بە نموونە هاوڕێ هاوتەمەن و هاوپیشەکانی سەریاس بە سەریاس دڵڵەن سەریاسی گوڕەمان. دیارە لەڕادەتەوە سەریاس و کەستیەکەی ببەستەتەوە بە کەسەتی باوکی کە سەرەک یاقوبی سنووبەر گوایە سیفەتی رابەرایەتی تیداهەیە. یاخود، کاتێک موزەفەری سوبحەدەم وەک کابرایەکی بە تەمەنی ریش سپی بە یەکەم جار کچەکان، دوو کچی گەنج، دەبینێ و دڵچەتە سەرگەرمەکەی سەریاس دەست بە گریان دەکات، کچەکان پێی دڵڵەن "موزەفەری سوبحەدەم تۆ ئازاری دەدەیت.. بەدەنگ بە موزەفەری سوبحەدەم.. بەدەنگ بە." لاپەرە ١٧٤. یاخود لە لاپەرە ١٩٨ بە "پیری بەدبەخت موزەفەری سبحەدەم" گازی دەکەن. لە کوردەواریدا عادەتەن لەو حاڵەتەدا دەبێ بڵێن کاک موزەفەر نەک موزەفەر بە تەنها. لادانی وشەی وەک "کاک" یان "خانم، خاتوون، دادە" دەستکاری کردنی کەلتووری زمانە کەیە کە لە پشت ئەم وشانەوە چەمکی کۆمەڵایەتی خەی مەناسداوە مانای رەزی تەدا رەنگدەداتەوە هەرچەندە ڕەگەی ئەو وشانەوە لە کوێوە هاتبن. بانگکردنی ناوی کەسکان بە گوێدانە تەمەن زەرتر لە کەلتووری ڕۆژئاواییدا هەیە و کەپی کردنی ئەو کەلتورە بە ناو زمان و ئاخاوتنی کوردی بەو ڕەگەیە نازانێ. ئیستاش دەبینین لە میدیا کوردیەکاندا کە بە بە لکاندنی وشەیەک لەگەڵ یەکدیدا هەست دەکەی دروستکراویەک یان ناسازیەک هەیە لە ئاواز و رشتەی قسەکردنەکانیاندا. من کاتێک سەیری کەناڵە کوردیەکان بە تایبەت هەواڵیەکان دەکەم و دەبینم بە ناوی رووتی خەیانەوە یەکتری گاز دەکەن، ناسازیە و بگرە بە ئەدەبیەک دەبینم. هەندی دەستەواژە هەیە کاتێک بەکاردێت راستەوخۆ نەک هەر مانا ڕەزمانیەکەی دەبینیت کە جیاوازە بەڵکو دەستەواژە هەیە مانای جیوگرافی ناوچەیەک و ولاتێک دەستنیشان دەکات هەر وەک چۆن ناوی مەلیک دولبەری گەرمیانی پەناسەی ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی بە کردین. بە نموونە لە لاپەڕە ١٥٦ دەستەواژەی "دەفتەری سیاسی" بەکاردەهێنێت کاتێک باسی پەلیسە گەرمیانەکە دەکات و دڵێت " هەموان دەزانن کە مەلیک دولبەر ژنەکەی خەی دەبات بە بەرپرسەکی گرنگی دەفتەری سیاسی و کاربەدەستەکی گەورەی وەزارەت." دەفتەری سیاسی لە سەداسەد دەستەواژەیەکە تەنها و تەنها کوردانی ڕۆژهەڵات بەکاری دەهێنن و ئەوانیش لە فارسیەکەوە وەریانگرتووە و بە هیچ شێوەیەک لە کوردستانی باشور بەکارنایات و لە بری ئەوە "مەکتەبی سیاسی" هەیە و تەواو، تەنانەی خودی کۆمەنیستە کرێکارییەکانی دەیەی نەوەدەکان کە راستەوخۆ لە ژێر کارکردی سیاسی و فکری کۆمینیستی ئەراندا بوون ئەو دەستەواژەیان بەکار نەدەهێنا و گەر بەکاریش هاتبا نەبوو بە وشەیەکی باوی ناوخەک لە کوردستانی باشور. کاتێک

خوێنەر ئەو دەفەری سیاسیە دەبینێت وادەزانێ ژنەکەی دەبات بە زگوز کە مەقەی کەمەڵەی رژهەڵاتی لێیە نەک بە مەکتەبی سیاسی حزبەک لە سلەمانی. ئەمە شتەک نیە بڵێی من وشەیەکی نوێ یان دەستەواژەیەکی تازە دەهێنمە نێو نوسینەکەمەوە بڵێکو رەمان خەسڵەتی خۆی هەیە کە وشەکان و دەستەواژەکان نەک هەر هەموو دووڕایینە فکری و سیاسی و ئەخلاقیەکان دیاری دەکەن بگرە تخوبە جوگرافیەکانیش دیاری دەکەن.

بەشی حەوتەم: خوێنەری رژئاوایی

وەرگێڕانی بابەت بە سەر زمانی جیهانی، ئەوروپایی، هەرگیز بە مانای گرنگی بوون و بەهێزبوونی ئەو بابەتە نیە بە تایبەت لە بواری چیرۆک و رەماندا. چیرۆک وەک بابەتی سیاسی و ئابوری و لێکۆڵینەوەی زانستی و سایکۆلۆژی رووت نیە بۆیە هەڵبژاردنی ئاسانتر بە خوێندنەوە و خوێنەری رژئاوایی بە دوای بابەتی لەو جۆرەن. دیارە، ئەمە سیفاتێکی هاوبەشی خوێنەرە لە هەموو جیهاندا بەڵام خەسڵەتێک کە لە خوێنەری رژئاواییدا هەیە ئەوەیە کە زۆر شێدای ئەو چیرۆکانەن لە دەرەوەی دونیای خەیانەوە دێن. ئەو چیرۆکانەی خۆکانی تر بە داماو و گوناه نیشان دەدا، چونکە ئەم خەی لە شوێنکی باشترە و کاتێک سەرگەردانی خۆکانی دونیای تر دەخوێنێتەوە بەزەیی پێیاندا دێتەوە و زۆر لە ژیان و وەتەکەی رازیە. هەر بابەتێک بازنەی ژیانی کەمەڵەیەتی و سیاسیان واتە دەوەتەکانیان بخاتە بەرباس و خواسەوە یان رۆخنەوە کەمتر بەڵایدا دەچن بەتایبەت گەر نوسەرەکە لە فەزای خەیاندا نەبێ. ئەو چیرۆکانەشی مەتەڵ ئامیزن وەک ئەم سێ مەدالیای هەنار و سەریاسەی لە دواهەمین هەناری دونیادا هەیە زیدەتر سەرنج رادەکیشن یاخود خۆکانێک هەن بیانخوێننەوە. خوێنەر لە دونیای رژئاوادا زۆرن بەڵام خوێنەری بە ئاگا و هۆشیاریان ئەجگار کەمە وەک چۆن لە هەموو دونیادا هەر وایە. رەمانی دواهەمین هەناری دونیا ئەو چیرۆکەیە خوێنەری رژئاوایی ئەزیەت نادات بڵکو هەبوونی بونی سێ مندالی مەڵەتکە و هەر سێکیان بە یەک ناوەوە ناونرابن و سێ مەدالیای هاوچەشن نهێنی هەقەی دەزینەوەی ئەو مەتەڵە بۆت ئەوا دەخشیەک بە خوێنەر دەدات بە خوێندنەوەی تا کۆتایی بەتایبەت ئەوەی کە ماوە دەبرێت بە رژئاوا بە جارسەر. دواین دیمەنی رەمانەکە رژئاوا بە فریادرەس دادنە بۆیە خوێنەرێکی رژئاوایی ختوکەی دێت بە خوێندەوەی رەمانی ئوها و دەبەتە جگەی ستایش و پیاهەڵدانیان. ئاگەرنا، گەر ئەو رەمانە کە هەمووی گفتوگۆی سیاسی و وشەی قەبە و زلن دەیتوانی باسی لەوەش بکردایە گەر بە ئاماژەیەکیش بوایە، کە

ئەو تەکنەلۆجیای سەربازی و فڕۆشتنی چەکەکانی وڵاتانی غەربیە کە حکومەتە بە زەبرەکانی ڕژۆەاتی ناوڕاست بەهێز دەکات تاکو پەلاماری میللەتانی ژێردەست بدەن، بەڵام ئەو ڕەمانە لە بری ئەمە وەک گوتم، ڕەگای غەرب بە ڕەگای جارسەر و بە فریاکەوتنی منداڵ بەردومانکراوەکانی جەنگ دادەنێت.
خاڵەکی تر بە پەویستی دەزانم ئاماژەی پە بدەم ئەویە دلخۆش بوون یاخود بە گرنگی وەرگرتنی ئەوەی کە ڕەمانە کوردیەکان وەربگەڕێنن سەر زمانانی ئەوروپایی لەو مەیلە لە خە بە کەمیەوە دێت کە دنیای ئیمپریالیزمی ڕژئاوایی لە نیو هزر و دەی مرۆڤکانی (الشعوب المقهورة)دا دروست کردووە گوایە ئەدەبکەمان دەچێتە ئاستەکی باباتر گەر بێتوو وەربگەڕێتە سەر زوبانانی ئەوروپایی. ئەم جارە لە هزر و مەراڵی خە بە کەم زانین یاخود بە نزم زانین لە نیو عەرەب و میللەتەکانی تریشدا هەیە. بە نموونە. عومەر شەریف یاخود جەمیل راتب کە بە زمانی فەرانسی و ئینگلیزی دەوریان بینیوە لە فیلمە ئەوروپاییەکاندا ئیدی لە سینەمای میسری و بینەرەکانیدا بە پلەیەکی تر سەیر دەکران لە کاتێکدا هیچینا ئەوەندەی عادل ئیمام یان ئەحمەد زەکی دەور و فیلمی گرنگیان نەبوو.

دووانەی ڕژهەات / ڕژئاوا لە شیعری "بەرزاییەکانی ئەزمە، بەرزاییەکانی وەزەرینگ" ی نەزەند بەگیخانی دا… نووسینی/ عەتا قەرەداخی

(بەرزاییەکانی ئەزمە، بەرزاییەکانی وەزەرینگ) ناونیشانی شیعرەکی نەزەند بەگیخانیە، کە لە کەمپی شیعری (زەنگەنەی وتن)دا لە لاپەرە ١٤١- ١٤٦دا بڵاوبووتەوە، کە ساڵی ٢٠٠٧ نووسیوەتی. ئەزمە زنجیرە چیایەکە لە باکوری سلەمانی، بەرزاییەکانی وەزەرینگ شوێنکە لە یەرکشیر لە بەریتانیا. ئیمیلی برۆنتە (١٨١٨-١٨٤٨) ڕەمانکی بەم

ناونیشانە نووسیووە لە راستیشدا ئەم رۆمانەووس کە خوشکی شارلی برۆنتەی رۆمانووسی بەناوبانگی سەدەی نۆزدەی ئەدەبی ئینگلیزیە، ئەمیش هەم شاعیرو هەم رۆمانووس بووە، بەڵام لە بواری رۆماندا هەر ئەم تاکە رۆمانەی نووسیووە. بیرۆکەی سەرەکی ئەم رۆمانە دووانەی چاکە / خراپە -یە، کە لە رێگای بزەیی و خۆشەویستی و تەحەمول و خولیاوە گوزارشتی لێ دەکرێت. هەڵبژاردەی سەرەکی رۆمانەکە قسەکردنە لەبارەی چیرۆکی خۆشەویستی نێوان دوو کەسێتی سەرەکی رۆمانەکە کە ئەوانیش هیسکلیف و کاترین-ن.
لەم رۆمانەدا، رووداوەکان لە نێوان دوو شوێنی سەرەکیدا روودەدەن، کە ئەوانیش یەکەمیان بەزایەڵکانی وزەرینگە، کە ناوچەیەکە لە یۆرکشیر، دووەمیان سەراشکرەس گرینجە کە ماڵێکی گەورەیە لە دەوروبەری بەرزاییەکان، واتە ئەویش لە هەمان جوگرافیادایە. رۆمانەکە زیاتر لە سەر زمانی بەخۆکەر یان پەروەردەکارەکەوە دەگێڕرێتەوە. کاترین و هیسکلیف یەکتریان خۆش دەوێت، بەڵام دواجار کاترین هاوسەرگیری لەگەڵ ئیدگار لینتن دەکات لەبەر دەوڵەمەندییەکەی، بەڵام سەرباری ئەو هاوسەرگیریەش، هێشتا خۆشەویستیەکەی بە هیسکلیف هەر بەردەوام دەبێت. هیسکلیف بە تەحەمولکردنەوە لە ئیدگار لینتن، هاوسەرگیری لەگەڵ ئەزابیلای خوشکی ئیدگاردا دەکات. ئەمە کورتەی رۆمانەکەیە.
هەروەک هەندە لە رەخنەگرانی ئەم رۆمانە بڕاوردەکی گرنگ لە نێوان بەرزاییەکانی وزەرینگ و سروشکرەس گرینجدا دەکەن، کە یەکەمیان وەکو سروشت و چەوانی نمایش دەکرێت، دووەمیشیان وەکو نموونەی شارو شارستانی و شوێنێک بە کەلتوری شارەوە نمایش دەکرێت. کاترین و هیسکلیف پەروەردەی بەرزاییەکانی وزەرینگن، بەڵام کاترین ماوەیەک لە سروشکرەس دەمێنێتەوەو گەڵانکاری بەسەر رەفتارو بۆچوونیدا دێت. دوای مانەوەی بە ماوەی ماوەیەک لە سرشکرەس، کاترین کە دەگەڕێتەوە بە بەرزاییەکان وەکو خانمێک خۆی نمایش دەکات و رەفتار دەکات، هەرچەندە هەستی بە هیسکلیف ناگۆڕێت، بەڵام عەقڵی شتێکی تر دەڵێت و روانینی بە خۆشەویستەکەی دەگۆڕێت و وەها سەیری هیسکلیف دەکات، کە ڕەش و وشک و مایەی گاڵتەجاڕی و پەستی بێت و دەگاتە ئەوەی کە شووکردنی بە هیسکلیف روخان و هەرەسە بە ئەو، بۆیە شووەکات بە ئیدگار لینتن. لە راستیدا ئیدگار لینتن یەکلایەنە عاشقی کاترینە، بەڵام کاترین هیچ هەستێکی بە ئەو نییە. کاترین دوای هاوسەرگیریەکەی، لەناخیدا پەشیمانەو بەردەوام خەیاڵی لای خۆشەویستی یەکەمیەتی. کەواتە با چاوەڕوان بکەین و بزانین دوای شیکردنەوەی بنیادی پێکهێنەرانەی دەقەکەی نزیکەوە بگیخانی، چ پەیوەندییەک لە نێوان بەرزاییەکانی ئەزمە و

بەرزاییەکانی وەرزینکدا هەیەو ئەم دوو شوێنە وەکو کەرستەی بەرهەمهێنانی دەقەکە چ رۆڵێک لە بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکەو پرسیارو جیهانبینی دەقەکەدا دەبینن. هەروەها با چاوێکیش بکەین بزانین شوێن و پێگەی هەریەکە لە کاترین و هیسکلیف و ئەمی قسەکەر لە ژێر ماسکی کاترینداو ئەوی نادیار لەژێر ماسکی هیسکلیفدا چیەو چۆنە.

ئایا لەکچووون لە نێوان قسەکەری دەقەکەو کەسێتی کاترینی رەمانەکەدا هەیە؟ ئایا دەشێت هەمان جۆر لە عەشق لە رەمانەکەو لە دەقە شیعرییەکەدا هەبێت؟ واتە عەشقی قسەکەری شیعرەکەو ئەو کەسەی دەقەکەی پێشکەشکراوە، هاوشێوەی عەشقی کاترین و هیسکلیف بێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی کاترین شووەکات بە ئیدگار لینتن، بەڵام خۆشویستیەکەی بە هیسکلیف هەر بەردەوام دەبێت؟ یان دەشێ بە ئامرازکردنی بەرزاییەکانی وەرزینگ و بەرزاییەکانی ئەزمە وەکو کەرستەیەک بێت بە بەرهەمهێنانی دەقێک بۆ دروستکردنی دووانەیەک کە ئەویش دووانەی رۆژئاوا / رۆژهەڵاتەو لەوشێوە قسەکەدن لەسەر دوو جوگرافیا، دوو کەلتوور، دوو عەقڵ و لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە دوو کەمەگا بێتە ئاراوە، کەمەگای شارستانی ئەورووپاو کەمەگای سەرەتایی و دواکەوتووی رۆژهەڵاتی، یان ناوەندو کەنار، یان شارستانێتی و سروشت. بەهەرحاڵ لێرەدا قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بۆجەدەهەین و هەوەدەین لە میانەی شیکردنەوەی دەقەکەوە خوێنەر وەکو سامی ئەو پرسیارانە بدەزێتەوە کە دەشێ ئەم پێشکێ دروستیان بکات، یان بەرزیان بکاتەوە. هەروەک دەمانەوێت لێرەشەوە ئاماژەیەک بە ئەوە بکەین و بپرسین ئایا دەشێت دروستکردنی دووانەی رۆژهەڵات / رۆژئاوا زیاتر بە گرانەوە نیشاندانی دابەشبوونی کەسێتی ئامادەی نەو جوگرافیای دەقەکە بێت واتە " من " کە لە نێوان دوو کەلتووردا، یان لە نێوان زەدو تاراوگەدا دابەش بووە؟ لە دەستپێکی دەقەکەدا هاتووە:

من ئەوم / کاترین / رەحیانەتی ژنکی عاشق / لە بەرزاییەکانی وەزرینگەوە / دەدەمە شەقی باێ / لە لووتکە نەسرەوتەکانی ئەزمە / لە باوەشی هیسکلیف ئارام دەگرم./

لە دەستپێکی دەقەکەدا قسەکەر خۆی دەناسێنێت و بە ئەمەی خوێنەر دەڵێت ئەو خانمە عاشقەکەی بەرزاییەکانی وەزرینگە، لەوەوە دێت بە بەرزاییەکانی ئەزمە بە ئەوەی لە باوەشی خۆشویستەکەیدا کە هیسکلیفە ئارام بگرێت. هەرخۆیشی دووبارەی دەکاتەوە کە ئەم رەحیانەتی ئەو ژنە عاشقەیە. واتە لێرەدا زیاتر ئاماژەیەکی بگشتیکردن خۆی نمایش دەکات، کە دەشە رەحی هەر ژنە عاشقێک بێت، بەڵام دیارە لە رواڵەتی ئەمەو کاترین نموونەی بەرزو باڵای ژنی

عاشق. لێرەدا ئەم کاترینی کردووە بە هەڤاڵێک یان بە ماسک هەتا لە پشتی ئەوەوە باسی خۆی بکات. هەروەک هیسکلیف-ی وەکو ماسکێک بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئەوی خۆشویست لە پشتیەوە بشارێتەوە. ئەم کاترین و هیسکلیف لە بەرزاییەکانی وزەرینگەوە دەگوازێتەوە بۆ بەرزاییەکانی ئەزمەر، بۆ ئامانجێی لە پشتی ئەوانەوە باسی خۆی و خۆشویستەکەی بکات، یان باسی پەرتبوونی خۆی بکات. ئەمش بارێکی ئاسایی لە ئەدەبدا بۆ گشتی، کە لە بری دواندنی راستەوخۆ دەشێ لە پشتی دەماماکەوە- ماسک- گوزارشتی زەرشت بکرێت کە ئەم تەکنیکەش بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکەدا و جوانیەکی هونەری زیاتری پێدەبەخشێت.

لەم چوونە ناوەوەی دەقەکەدا کەسێک دەبینرێت نیگەران و پەرێشاو ئەوەش لە بارەکی ناجێگیردا نیشانی دەدات. هەکاری ئەو نیگەرانیەی تیایدایە دووریە لە خۆشویستەکیەوە. بەگومان ئەوە بەگەنویستە کە مرۆڤی نیگەران و پەرێش و شلەق لە باری دەروونی و رەحیەوە بەدوای ئارامگرتندا دەگەڕێت. ئەوەش تەنیا لە رێگای چارەسەری هەکارەکانی دروستکردنی ئەو بارە نیگەرانیەوە دەبێت. ئەم رەحی ژنەکی عاشقە. کەواتە ئەم تەنیا لە باوەشی خۆشویستەکیدا ئارام دەگرێت. بەیە ئەو ئارامیە لە هەر شوێنێک دەستبکەوێت بەدوایدا دەچێت. لەراستیدا عەشق سنوور ناناسێت. ئەمش وای لە دەکات لەوەوە لە شۆقی باڵ بەدات و لەسەر ئەزمە لە باوەشی خۆشویستەکیدا بنیشتەوە، چونکە تەنیا لەوێدا ئارام دەگرێت. لەرەدا ئەم خۆی دەچوێنێت بە کاترین و خۆشویستەکیشی بە هیسکلیف. پرسیار ئەوەیە ئایا لە روانگەی ئەمەوە خۆشویستی ئەم دووانە بەرزترین و جوانترین نموونەی خۆشویستی و عەشقە یان دەشە هەکاری تر لە پشتی ئەم لەکچواندنەوە هەبێت؟ یان شاعیر ویستوویەتی لەو نموونە دیارو باوانەی کە بە بەرزی و باڵایی و جوانی عەشق دەهونرێنەوە لابدات. بەنموونە لە شیعری کوردیدا بە نموونەی باڵای عەشق مەم و زین، خەج و سیامەند و لاس و خەزاڵ و شیرین و فەرهادو...دەهونرێنەوە. نموونەی دیار لە ئەدەبی جیهانیشدا بە عەشق رەمیو جولێت و لەیلاو مەجنون و چەندان نموونەی ترن.

شاعیر دەڵێت:

من وەرزەکم پێ لە زریکەی زریان / لە زەمەنێکی ناوەخت هەڵمکرد / لەسەر گردە نیگەرانەکانی ئەزمە/ من هەورە تریشقەم دەشریخێنم / من دەمەکە لە ناخی ئەم خاکە یەخسیرە هەڵکشاوم / چێشنی بروسکە / بەرەو بەرزاییەکانی وزەرینگ / پانتایی عەشقەکی پێ لە گۆڕاو./

ئەم خۆی بە کات دەچوێنێت، ئەو کاتەش وەرزەکی ساڵە، بەڵام کام وەرزە لە چوار وەرزەکەی ساڵ؟ ئەم ئەوە دیاری ناکات، بەڵام خاسیتی

تایبەتی ئەو وەرزە دیاری دەکات، کە وەرزکی زریاناویە، زریانێک کە زریکەی دێت. لەڕدا لە ئاستەکی قوڵتردا لەکچوونێک لە نێوان خۆی و بەرزاییەکانی وەزرینگدا دروست دەکات لە کاتێکدا وەزرینگ لە لای دانیشتوانەکەی بە مانای زریان دێت. بەڵام ئایا ئەم لەکچوونە هیچ بەشداریێک دەکات لە بڕەمەهێنانی جیهانبینی گستی دەقەکەدا؟ ئەمەش لەڕدا بە کراوەیی بڕجەدەهێین تا دەقەکە خۆی وەڵامی بداتەوە. ئەم خۆی دەچوونێت بە وەرز، بەڵام وەرزکی پڕ لە زریان. فرمانی " هەڵمکرد"، ئەو کاتە نیشان دەدات و دیاری دەکات کە زریانەکە دەستی پێکردووە، واتە ئەو کاتەی کە ئەم دێت. ئەوەش بە کاتێکی ناوەخت، واتە بە کاتێکی نەگونجاو و نالەبار وەسف دەکات. ئەم لەم کاتە ناجڕەدا دێت و لەسەر بەرزاییەکانی ئەزمەهەدکات. بەرزاییەکانی ئەزمەیش شوێنێکی ئاسایی نین، هەربۆیە ئەو بە شوێنێکی نیگەران باسیان دەکات، واتە ناجێگیر و شڵاق و شەڕاو. بەگومان لە رووی سروشتیەوە بەرزاییەکانی ئەزمر وەکو کانگای ڕشەبا وایە، لەوە زەر کات ڕشەبا نرکەی دێت. هەرچەن وەزرینگ لە لایەن دانیشتوانەکیەوە بە هاوواتای زریان دادەنرێت، دەشیا ئەزمەیش وەکو هاوواتای ڕشەبا سەیر بکرایە، یان ناو ببرایە. هەرچەندە لە لای دانیشتوانی سلەمانی ناوی ئەزمەو ڕشەبا نزیکیان هەیە. لەڕشەوە جڕێک لە لەکچوون لە نێوان وەزرینگ و ئەزمەدا دروست دەبێت. لەوە دوو عاشق و لەڕش دوو عاشق هەن. ئەمە دەماندەوێت ڕووە لەکچووکانی ئەم دوو جووتە عاشقە ئاشکرا بکەین. لەوە کاترین و هیسکلیف هەن، لەڕش ئەم و ئەو کەسەی شیعرەکەی پێشکەش دەکرێت.

ئەم سەرنجمان بە مۆژووی رابردووی خۆی رادەکێشێت و پەمان دەداتە لە کوێوە هاتووە. لە راستیدا لە دەستپێکی دەقەکەدا ڕەنگە خوێنەر وا تێبگات کە ئەم کەسەکەو لە بەرزاییەکانی وەزرینگەوە هاتووە بە سەر بەرزاییەکانی ئەزمە. بەڵام دواتر رایدەگەیەنێت ئەم وەکو وەرزکی زریاناوی لە کاتێکی نەگونجاودا لە گردە نیگەرانکانی ئەزمە هەڵیکردووە. کەواتە شوێنی یەکەمی ئەم بەرزاییەکانی ئەزمەڵە، کە ناوچەیەکی ڕووت و پڕ لە ڕشەبای کوردستان و ڕۆژهەڵاتە. لە کاتێکدا شوێنی دووەم بەرزاییەکانی وەزرینگە، ناوچەیەکی یەرکشیرە لە بەریتانیا و لە ڕۆژئاوا. ئەم لەسەر گردە نیگەرانکانی ئەزمە هەورە تریشقەیەو دەشریخێنێت. ئایا ئەم ئەستا کە گەڵاوێتەوە دەیەوێت لە باوشی هیسکلیفدا ئارام بگرێت، هەورە تریشقەیەو دەشریخێنێت، یان پێشتر، پێش ئەوەی لەم خاکە یەخسیرە هەڵبکشێت دەیشریخاند؟ بەگومان لە رووی بەراوردی دەخکەوە، ئەوەک ئەستا لەوەوە گەڵابتەوە بە باوشە خۆشەویستەکەی، ئایا دەشێت وەکو

هەورە تریشقە گەلابتەوە باوەشی خۆشویستەکەی لە پێشوازیدا بێت و ئەمیش بتوانێت تیایدا ئارامبگرێت؟ ئاشکرایە هەورە تریشقە شریخاندن خاسیەتی فەزایەکی تووندو تیژی وەکو زریانن و هیچ ئاماژەیەک بە رەخساندنی زەمینەی ئارامگرتن پێشکەش ناکەن. ئەم لێرە بوون، بەڵام وەکو ئاماژەی بە دەکات دەمکە هەڵکشاوە ئێرەی بەجێهێشتووە. ئەم وەسفی ئێرە وەکو خاکی یەخسیر دەکات. ئەمەش سەلکدانەوە هەڵدەگرێت. یەکەمیان ئازمە وەکو بەشێک یان نموونەی زیندو نیشتیمانی ئەو کە تاکو ئیستاش بەدەست نەبوونی ئازادی و سەربەخۆییەوە دەناڵێنێت، خاکی یەخسیر بە تەواوی لەگەڵ ئەم لەکدانەوەیەدا دەگونجێت. دووەمیان و بە ئاستێکی لاوازتر دەشە خاکی یەخسیر مەبەست لە سازمینی ئێرەو هەموو رەژهەکات بێت کە هیچ ئازادییەکی تاکەکەسی تیادا فەراهەم نەکراوەو مرۆڤ لە رووی ئازادیە کەسیکانەوە لەم جوگرافیایەدا وەکو دیل و دەستبەسەر وایە، واتە لەم روانگەیەوە رەژهەکات جۆرێکە لە زیندان. هەروەها خاکی یەخسیر کە مەبەست ئێرەیە پەیوەست بە ئەوی شاعیر وەکو ژن، دیسان ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە سەرباری ئەوەی لە رووی ئیتنیکی و لە رووی ئازادی تاکەکەسیەوە وەکو یەخسیر وایە، دیسان وەکو ژنیش دیسان یەخسیرەو ئازادییەکانی پێشێل دەکرێت. ئەم وەکو بروسکە لەم زیندانە خنکێنەرە هەڵدێت و بەرەو بەرزاییەکانی وەزرینگ دەفڕێت، کە ئەوە زەمینەی ئازادیە کەسیکانە و ئەم بە زەمینەی عەشقێکی پە لە گۆڕاو باسی دەکات. بەگومان ئەم بەچوونەی ئەم لەسەر بنەمای روانین بە خۆشویستی نەوان کاترین و هیسکلیف بنیادنراوە، کە خۆشویستیەکی ناهاوسەنگەو سەرئەنجام دەبێت بەهەی وەرانکردنی هەردووکیان و کەسانی تری دەوروپشتیان لەگەڵیاندا وەران دەبن. هەرچەن گۆڕاوی دەریا، یان ئاو دەبێتە هەی قووتدان و لەناوبردن و وەرانکردن.

ئەم لە خاکی یەخسیرەوە دەفڕێت بە خاکی خۆشویستی پە لە گۆڕاو. خاکی یەخسیر لە ئاستی قۆناغی دەلالەتی سەرتایبوون هەڵدەگرێت، هەروەک پانتایی عەشقی پە لە گۆڕاو دەشێت دەلالەتی شارستانێتی و هەموو فشارو کێشەو گرفتە ئاڵۆزکانی هەڵبگرێت، کە سەرباری جوانکردنی بە رووکەشی عەشق بەڵام لەناوەوە جیهانێکی ئاڵۆزو پە لە کێشەو گۆڕاو بێت. ئەم کە ئێستا لە بەرزاییەکانی وەزرینگەوە گۆڕاوەوە بە سەر گردە نیگەرانکانی ئازمە بە ئومێدی حەوانەوە لە باوەشی ئارامی خۆشویستکەیدا، پێشتر لەم خاکی یەخسیرەوە هەڵکشا بەرەو ئەوە. دەشێت پێشتر وەها سێبەری ئەوەی کردبێت کە گەیشتن بوە بەدەستهێنانی ئازادیە و دەربازبوونە لە خاکی یەخسیر. ئێستا لەوەی پە لە گۆڕاودا، لە شەقەی باڵ دەدات و دەگەڕێتەوە بە

ئەر بۆ هیوایەی ئارام بگرێت. واتە ئەستا لە نەوانی دووانەی ئەرۆ ئۆدا ئەم هەر دەمۆ یەکەکیان وەردەگرێت، یان هەدەبژێرێت. ئەمەش ئەو دڵالەتە هەدەگرێت کە هەریەکە لەم دوو جەمسەرە خاستی گونجاو و خاستی نەگونجاویان هەیە بۆ ئەم، یان لە روانگەی ئەمەوە.
لە دەقەکەدا هاتووە:
من ئەوم / زارەکەکی زیتۆ / لە بەرزاییەکانی وەزرینگ / لە وەرزەکی تەفانەوە دەم و/ لە بەرزاییەکانی ئازەڵ / گوێ لە حەیرانی ئەو خاکە دەگرم / وەک بووەلەرزە / من رادەچەکەم / جەستەی چیا بە قودرەتی تاسەی من دەجووڵێ / تۆ کەوزانەوەی دەی ئەم بەردانە نابیستی؟ / ڕەحیانەتی ژنەکی عاشق / من ئەوم / لە بەرزاییەکانی وەزرینگەوە دەم / دەستی هیسکلیف دەگرم و/ پەنجەرەیەک دەکەمەوە کە / کە دەمەکە لەسەر حەسرەتەکانی ڕۆژهەڵات داخراوە./
ئەم جارەکی تر دونیایی دەداتەوە لەوەی کە ئەو کەسەی دەت ئەوە کاترینە، یان ڕەحمی ئەو خانمە عاشقەیە کە لە بەرزاییەکانی وەزرینگەوە دەت بە بەرزاییەکانی ئازەڵ. ئامانجە سەرکیەکەی ئاشکرایەو بە ئەوە دەت لە باوەشی هیسکلیفدا ئارام بگرێت. ئەم ڕەحی کاترینە کە کاترین نموونەیە بۆ هەر عەشقەکی لەمجەرەی ئەم. بەگومان لەبەرامبەردا هیسکلیف دەبێتە نموونەی هەر عاشقەکی لەوجەرەی دەدارەکەی ئەم. ئەم دیسان خەی لە ڕەگای لەکچووانەوە پشکەش دەکات، کە ئەوەش زیاتر بە دەرخستنی شوناسی خەیتی. ئەم ئەستا خەی دەچوێنێت بە زارەکەکی زیتۆ و لە وەرزەکی تەفاندا دەت. پشتر ئەم خەی دەچواند بە هەورە تریشقە. واتە لە جاری یەکەمدا خاستی دیاردەیەکی سروشتیی بەخەی دەبەخشێت، بەڵام لەجاری دەوەمدا وەکو زارەک خەی پشکەش دەکات، کە ئەمەش گواستنەوەیە لە شتەوە بۆ مرۆڤ، کە ئەمەش سەرباری بەهاداری و جوانی ڕەگەزەکانی سروشت، بەڵام هەنگاوەکی گواستنەوەیە لە شتەوە بۆ مرۆڤ، کە ئاشکرایە هەمیشە بەهای مرۆڤ لە سەرووی هەموو بەهاکانی تریەوە. ئەم کە وەکو مرۆڤ دەت بەپەویست دەبێت هەڵگری خاستەکانی مرۆڤیش بێت، کە لەرەدا گوێ لە حەیرانی خاک دەگرێت، بەڵام کام خاک؟ بەگومان خاکی بەرزاییەکانی ئازەڵ، چونکە ئاشکرایە حەیران بەرهەمی ئەو سەرزەمینەیە، کە ئازەڵ بەشکە لێی. ئەو گوێگرتنەش دەبێتە هەی ڕاچەکینی. کەواتە دەشێت بگوترێت لە ئەنجامی ئەو ئاشناییەی ڕەحی ئەم بە دونگی ئەم خاکە هەیەتی، کە لەرەدا حەیران بەرجەستەی ئەو دونگە دەکات، ئەم لە ناخی خەیدا ڕادەچەکێت. دەشێت هەکارەکەشی پەرەشی و تاسەی ئەم بێت بە بیستنی ئەو دونگە کە لە یادەوەری ئەمدا ئامادەیەو وەکو ڕەگەزێک لە بوونی ئەنتەلەجیانەی ئەمدا

ئەگەر دەنگیشی نەبێت، بەڵام بە بەدەنگی دەژی. ئەم پەرەشی و تاسەیەی ئەم چی بە ئەو دەنگەو چی بە باوەشی ئارامی خۆشەویستەکەی هەندە بەهێز چیا دەجووڵێنیت. کاتێ چیا دەجووڵێت لەوە دەچێت بەردەکان بکەوونەوە، ڕەنگی گیا ببسکێت، واتێ بەردەکان دەنگیان لێ بەرزدەبێتەوە، ڕەنگی گیا دەگۆڕێت. ئەم لە خۆشەویستەکەی دەپرسێت ئایا ئەو دەنگی کەووزانەوەی بەردەکانی چیا نابیستێت، یان هەبەسکانی ڕەنگی گیای چیاکێ نابینێ، کە تاسەی ئەم خستوونەتیە جووڵەو گۆیوونی.
ئەم دیسان پەداگری دەکاتەوە کە ڕەحیانەتی ژنەکی عاشقەو ئەویش ناسراوە کە کاترینەو لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە دەست بە بەرزاییەکانی ئەزمێ بە ئەوەی دەستی هیسکلیفی خۆی بگرێت. بەڵام ئامانجەکەی لەردا کەتایی نایەت، بەڵکو دەیەوێت لەپاڵ ئەودا پەنجەرەیەک بکاتەوە. ئەو پەنجەرەیەش لەسەر زمانی ئەوەوە لە مێژە لەسەر حەسرەتەکانی ڕۆژهەڵات داخراوە. لەڕەوە ئەو پرسیارە سەرکیەی کە دەقەکێ بەدوایەوەیە کەمێک ئاشکراتر دەبێت، کە ئەویش ناوهێنانی ڕۆژهەڵاتە. ئەم لە بەرزاییەکانی ئەزمەوە کە هیسکلیفی خۆی لەوێیە، دەست لەناو دەستی ئەو دەیەوێت پەنجەرەیەک بخاتە سەرپشت، کە حەسرەتەکانی ئەڕە لێیەوە دەربکەون، نمایش بکرێن، ببینرێن. ڕەنگێ ئەو پرسیارەش سەرهەڵبدات: مەبەست لە حەسرەتەکانی ڕۆژهەڵات چیە؟ بەگومان ئەوەی مرۆڤی ئەڕە دەیخوازێت و ئارەزووی دەکات و دەیەوێت و ناتوانێت جەبەجێی بکات و دەستی پێی ناگات و بۆی ڕامناکرێت و سەرئەنجام ئاخ و ئۆف و داخی بە هەدەکەشێت، بریتین لە حەسرەتەکانی ڕۆژهەڵات. لە پشتی ئەم بۆچوونەوە، ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ڕۆژهەڵات زەمینەی کپ کردن و سەرکوتکردن و چەپاندنی کەی ئازادیێ تاکەکەسیێکانێ. لەبەرامبەردا ئەوە، واتێ ڕۆژئاوا کە ئەم لەوێوە دەگۆڕێتەوە بە کردنەوەی ئەم پەنجەرەیە لەڕە، لەوە ئازادیێ تاکەکەسیێکان کە بنەمان بە دروستبوونی تاکەکەسی خاوەن شوناس نە دەرگاو نە پەنجەرەیان لەسەر دانەخراوەو لە ڕاستیدا لە کاتێکدا لەڕە نەک هەر ئازادی جێستێ بۆکو کەی ئازادیێ فیکری و ئایینی و نەریتی …کان حەرامن، لەوە ئازادییەکان تا ئەو سنوورە دەڕۆن کە نەبنە هەی بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ئەوانیتر. ئەمەش جیاوازیێکی ئاشکرای ئەم زەمینەیە کە بەرزاییەکانی ئەزمێ دەینوێنێت لەبەرامبەر ئەو زەمینەی ئەودا کە بەرزاییەکانی وەزەرینگ نوێنەرایەتی دەکات.
من ئەوم / ڕەحیانەتی ژنەکی عاشق / لە فەزای نەوان وەزەرینگ و ئەزمێ / دەدەمێ شەقەی باڵ / من بە فڕین ئاماژەکانی نەوان پەکنەگێشتنی ئەو دوو تەنێ دەنووسمەوە / تەنێ نووری ڕۆژهەڵات و/

تەنی فزوولیەتی ڕۆژئاوا/.
ئەم وەکو ڕەحیانەتی ژنەکی عاشق لە فەزای فراوان و ماوە درێژی نەوان وەزەرینگ و ئازمەدا دەفڕێت. پێشتر ئامانجی فەینی لەوەوە بە ئەرە نیشتنەوە بوو لە باوەشی هیسکلیفدا، ئەویش بە ئارام بوونەوەو هەروەها بە ئەوەی دەستی ئەو بگرێت و پێنجەرەیەک بەسەر بەدبەختیەکانی ڕۆژهەڵاتدا بکاتەوە. بەڵام ئەمجارەیان ئامانجەکی تر لە پشتی فەینی ئەموەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئەم دەیەوێت بە فەین ئاو ئاماژانە بنووسێتەوە کە نیشانی دەدەن ئەم دوو تەنە بەیەکتر ناگەن. مەبەست لەو دوو تەنە چییە؟ ئایا خەی و خەشویستەکەیەتی، کە لەژێر دەمامکی کاترین و هیسکلیفدا خەیان حەشارداوە؟ یان مەبەست بەرزاییەکانی وەزەرینگ و بەرزاییەکانی ئازمەن کە هەرچەن لە ڕووی جوگرافیەوە هەرگیز بەیەکتر ناگەن، لە ڕووی هیچ تایبەتمەندیەکی تریشەوە بەیەکتر ناگەن، کە یەکەمیان نوێنەرایەتی ڕۆژئاوا دووەمیان نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات دەکات؟
ئەگەر مەبەست خەی و خەشویستەکەی بێت، ئەم بە فەین نیشانی دەدات، کە ئەم دووانە هەرگیز بەیەکتر ناگەن، هەرچەن کاترین و هیسکلیف سەرباری ئەوەی عەشقی یەکتربوون، بەڵام بەیەکتر نەگەیشتن و سەرئەنجام عەشقەکەیان لەبەری ئەوەی بیانکاتە یەک و هەموو دیوارەکانی نەوانیان بەوخەنەت، خەیان و کەسانی تری دەوروبەریشیانی ڕوخاند. ئەمیش ئەگەر پێش ئەوەی ئەم خاکی یەخسیرەی بەجەهەشتبێت، عاشق بووبێت و بە مەبەستی گەیشتن بەو خەشویستەکەی بەجەهەشتبێت، هەرچەن کاترین لە پەناوی سامان و پەگەدا خەیی لە گەڵاو هیسکلیفی لە ئاستی خەیدا نەبینی و بەجێیهەشت و هاوسەرگیری لەگەڵ ئیدگار لینتن کرد، یان ئەم بە ئامانجی گەیشتن بە ڕۆژئاوا ئەرەی زەدی خەیی بەجەهەشتبێت، کە بایەخی ئەرە بە ئەم لەراستیدا لە بایەخی هیسکلیف بە کاترین کەمتر نییە، واتە ئەرە بە ئەم هاوشێوەی هیسکلیفە بە کاترین. ئەم بە فەین ئاماژەکانی بەیەکترنەگەیشتن دەنووسێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئومێدێک بە بەیەکتر گەیشتنیان نەماوە. فەین لە ئاسمان، یان لە بەشایدا ئەنجام دەدرێت، واتە لە فەزای نەوان وەزەرینگ و ئازمەدا، کە ئەگەری بەیەکترگەیشتن لەو فەزایەدا ئەستەمە. بەڵام شوناسی ئەو دوو تەنە لە دەربەینی ئەمدا تەواو ئاشکرا دەبێت کە بریتین لە نووری ڕۆژهەڵات و فزوولیەتی ڕۆژئاوا. مەبەست لە نووری ڕۆژهەڵات، نوورو پرتەوی ڕەحی ڕۆژهەڵاتیە. ڕۆژهەڵات بە جیهانی ڕەح و ئیشراقاتی ڕەح و خەیاڵ ئەندێشەو سروشت و ڕەمانسیێت و هارمەنیاو گونجاندن و ئازادی سادەی نەو سروشت دەناسرێت، لەکاتێکدا ڕۆژئاوا جیهانی مادیێت و زانست و پیشەسازی و تەکنەلەجیاو عەقڵ و

بیرکردنەوەیە. فزوولیەتی ڕژئاوا، فزوولیەتی گیانە بە دوای زانستدا، بەداوی دڵزینەوەو ئاشکراکردندا، بەدوای بەرهەمهێنان و بنیادنانda، بە دوای دەسکەوت و هێزموون و باڵادەستبووندا.
لێرەدا ڕژهەڵات / ڕژئاوا وەکو دووانیەکی بەرامبەر بەیەکتر دەردەکەون هەریەکە بە خاسیەت و سیفات و بەرهەم و تایبەتمەندیەکانی خۆیەوە. بەڵام ئاشکرایە لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا هاوتایی یان یەکسانی نییە. ڕژئاوا وەکو ناوەند، هێز، دەسکەوت، هێزموون، عەقڵ، بیرکردنەوە، شارستانیەتی باڵادەستترە بەسەر ڕژهەڵاتی کێنار، بە هێز، بە دەسکەوت، هێزموون بەسەردا کراو، خەیاڵ، ئەندێشە، سروشت و سەرتاییبووندا. ئەم دوو جەمسەرە نایەکسانە بەیەک ناگەن. ئەم بە فەین ئاماژەکانی ئەم بەیەکتر نەگەیشتنە دەنووسێتەوە. کەواتە هەرچەن فەزای، یان ماوەی نێوان بەرزاییەکانی وێزەرینگ و بەرزاییەکان ئەزمە فەزایەکی فراوان و ماوەیەکی درێژو ئەم دوو شوێنە بەیەکتر ناگەن، بەهەمان شێوە ڕژهەڵات و ڕژئاواش بەیەکتر ناگەن. کە لە راستیدا بەیەکترگەیشتن لە ئاستی قووڵدا دەلالەتی هاوتایی یان یەکسانی هەڵدەگرێت. ڕژهەڵات و ڕژئاوا کە هیچ بنەمایەکی هاوتایی یان یەکسانی لە نێوانیاندا نیە، ئەگەری بەیەکتر گەیشتنیان زۆر لاوازە.
ئەی چی دەربارەی بەیەکتر گەیشتنی ئەم کە خەی لە کەستی کاترینداi بەرجەستە دەکات و ئەوی خۆیستی کە لە کەستی هیسکلیفدا بەرجەستە دەکرێت؟ ئایا دەشێت کاترین و هیسکلیف بە ڕژئاواو ڕژهەڵات بچوێنرێن؟ لەو ڕوانگەیەوە کە کاترین سەگ پەلاماری دەدات و بە ماوەی پێنج هەفتە لە سروشکرێس دەمێنێتەوە، کە بەراورد بە بەرزاییەکانی وێزەرینگ ئەوە شوێنەکی شارستانی تر. ئەم خانووە نموونەی ماڵێکی داخراوی دیکەر کراوی پارێزراوە لە لایەن خزمەتکارو سەگی پاسەوانی و بە ئەتەکێت و داب و نەریتی شاریانە دەڕوات بەڵام، لە کاتێکدا بەرزاییەکانی وێزەرینگ سروشت و هارمۆنیای سروشت و سادەیی دەنوێنێت. کاترین دوای ئەو پێنج هەفتەیەی لەو دەمێنێتەوە گیانکاری بەسەر ڕەفتاریدا دێت و خەی وەکو خانمێکی شاریی دەردەخات و وەکو لادێیەکی ڕەشکی و ڕەق و پەست و مایەی گاڵتەپێکردن سێیری هیسکلیف دەکات. لەم ڕوانگەیەوە کاترین دەبێتە هەڵگری کەلتوری شارو خۆشویستکەی هەڵگری کەلتوری سروشت، یان سەرتایی و لادێ، کە ئەوەی یەکەمیان ڕژئاوا دەنوێنێت و ئەمی دووەمیان ڕژهەڵات. لەبەر ئەوە سەرباری خۆشویستی ناتوانن هاوسەرگیری بکەن. ئەم وێنەی کاترینە، واتە ڕژئاوایە و خۆشویستکەی وێنەی هیسکلیفە، واتە ڕژهەڵاتو ئەگەری ئەوە ناکرێت بەیەک بگەن. ئەم ئێستا بە فەین نیشانەکانی ئەم بەیەکتر

نگەیشتنانە دەنووسێتەوە، کە بریتین لە بەیەکنەگەیشتنی ژنەهێنان و ژنئاوا، بەیەکنەگەیشتنی ئەرەو ئەوە، بەیەکنەگەیشتنی کاترین و هیسکلیف و بەیەکنەگەیشتنی خەی و خۆویستەکەی، ئەوکەسەی ئەم دەقە شیعرییەی پێشکەش دەکات.

شاعیر دەڵێت:
من ئەوم / ئەوەتا دەستەکانم لە بەرزاییەکانی ئازمە سووز بوون / لەوە من پێشوازی لە هیسکلیف دەکەم/ پەنجەکانم وەک مەم دادەگیرسێن / تەماشام نیگای خۆم ڕەشن دەکاتەوە / من تارمایی عاشقەکم / لە نێوان دوو پانتایی / گوزەر دەکەم/ لە سپێدەکانی ڕژهێناتەوە هەڵدەم / لەبەر دەرگای خوداکان / دەبمە درەختێک لە تیشک / لە ڕژئاواش / لەناو ژووری خەوت / لە پشت هەنگاوە هەمیشەییەکانی تەنهایی / من بەخەم دەگەم /.
جارێکی تر ئەم ڕایدەگەیەنێت کە کاترینی خۆویستی هیسکلیفە، لە جیاتی ئەوەی لە بەرزاییەکانی وزەرینک پێشوازی لە هیسکلیف بکات، لە بەرزاییەکانی ئازمر پێشوازی لە دەکات. ئەم پێشتر هیسکلیفی بەجێهێشت و هاوسەرگیری لەگەڵ ئیدگار لینتن کرد. بەڵام خۆویستیەکەی بۆ هیسکلیف هەر کۆتایی نەهات، بۆیە ئێستا بەجارێک لە پێشیمانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ عەشقە کۆنەکەی و بۆ خۆشیەوە چاوەڕوانی ئەوەیە پێشوازی لە دەدارەکەی بکات. ئایا ئەوی خۆویستی لەدەدا زیندوو، کە ئەم دەقە شیعریەکەی پێشکەش کردووە دەت، یان بۆ پێشوازیە ڕازی دەبێت و ئامادەیە باوەشی بکاتەوە هەتا ئەم تیایدا ئارام بگرێت؟ ئەم باسی پەڕەشی خەی بۆ گێشتنەوە بۆ خۆویستەکەی دەکات و باسی ئەو بارە ناسەقامگیرەش دەکات کە لە نێوان ئەوە و ئەرەدا تیایدایە و وەکو تارمایی عەشقێک بەردەوام دەت و دەچێت. واتە باسی ئەو دابەشبوونە دەکات کە ئەم لە نێوان ئەوە و ئەرەدا واتە لە نێوان ڕژئاواو ڕژهێناتدا، یان لە نێوان هیسکلیف و ئیدگار لینتندا دابەشبووە.
لە ڕاستیدا دابەشبوونی ئەم یان گوزەرکردنی ئەم کە لە نێوان ڕژهێنات و ڕژئاوادایە لەسەر بنەمای جیاوازی دووانەی ڕژهێنات / ڕژئاوا دروستبووە. ئەم لە سپێدەکانی ڕژهێناتەوە هەڵدەت، واتە بەپێی ئەو کاتی دیاری دەکات، واتە سپێدەکانی ڕژهێنات، ئەم خەڕە، هەرچەند پێشتر وەکو عاشق و وەکو تارمایی عاشقێک خەی پێشکەش کرد. ئێستا چاوەڕوانی ئەوە لە خەر یان لە تیشکی هەتاو دەکرێت کە بگاتە ڕژئاواو گەڵانکاری لە سروشتی جوگرافی، یان کۆشەوادا ڕووبدات، بەڵام تیشکی ئەم خەڕە ناگاتە ڕژئاوا، بەڵکو لەبەردەم دەرگای خواکاندا دەبێتە درەختێک لە تیشک. ئەو خودایانەی ئەم

باسیان دەکات خوداکانی ڕۆژهەڵاتن، چونکە ئەم لە دووانەی ڕۆژهەڵات / ڕۆژئاوادا، هەشتا لە جەمسەری ڕۆژهەڵاتە. ئەم لەبەر دەرگای خوداکان دەبێتە درەختێک لە تیشک. لە ڕاستیدا ئەوە ڕۆژهەڵاتە وەکو سروشت هەشتا وەکو جیهانی میسالەجیاو ڕۆح سەیر دەکرێت و و دنیای ئایینە جەراوجەرە ئاسمانی و ئەرزیەکانەو بەو پەیەش جیهانی فرە خودایی. هەروەک دەشیت خوداکان وەکو دالێک هەگبری دەلاتی ئیمپراتۆرو دیکتاتۆرو تاکە دەسەڵاتدارە بە ژمارە زۆرەکان و ئایین و ئایدیالەجیا داخراوەکانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت نەریت و کەلتوری داخراوی ڕۆژهەڵات بن، کە هەریەکە لە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیدا دەسەڵاتی ڕەهای خوایانەی هەیەو هەر ئەم خودا جەراو جەرانەن دەرگاو پەنجەرەیان لەسەر حەسرەتکانی ڕۆژهەڵات داخستووەو، ئەم لەوەوە لە ڕۆژئاواوە دەگەڕێتەوە بە ئەرە بە ئاوەی پەنجەرەیەک لەسەر ئەو هەموو حەسرەتانە بکاتەوە. ئەم لەرە لەبەردەم دەرگای خوداکاندا دەبێتە درەختێک لە تیشک. ئایا بەرهەمی درەختی تیشک چی دەبێت؟ ئایا دەشێت ئەو عەقڵ و بیرکردنەوە تاریکانە ڕوون بکاتەوە کە بەرهەمی خوداکانی ڕۆژهەڵاتن؟ یان دەشێت ببێتە مەشخەڵی ڕووناکیەکی گەورەو داڵانە تاریک و نوتەک و بە کەتاو ونکەرکانی ڕۆژهەڵات ڕۆشن بکاتەوە؟ یان ئایا ئەم وەکو درەختی تیشک لەبەر دەرگای خوداکانی ڕۆژهەڵاتدا چ ئەرکێکی تر جێبەجێ دەکات، یان دەتوانێت چ ئەرکێک بگرێتە ئەستۆ؟ هەروەک دەشێت سپێدەکانی ڕۆژهەڵات دەلالەتی سەرتایێبوون و مانەوەی ڕۆژهەڵات وەکو سروشت هەبگرێت. ئەم وەکو کەسێکی ڕۆژهەڵاتی لەم سەرتایەوە دەستپێدەکات.

ئەم لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵات دەبێتە درەختی تیشک، لە ڕۆژئاوا لە خەوێت و لە تەنهایدا خەی دەبینێتەوە. بەگومان لە کاتێکدا جیهانی ڕۆژهەڵات زەمینەی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزو تێکەڵاوبوون و پشبەستنی تاکەکانی کۆمەڵگایە بێکتری، ڕۆژئاوا زەمینەی بوونی تاکەکەس، واتە هەر یەکە لە جیهانە تایبەتێکی خێدایەو خاوەنی خێاتی و بە خەی دەژی، کە ئەوش بە خەی جەرکە لە تەنهایی و خەوێت. بەگومان ئەمش شتێک نییە کە لە دەستی تاکەکەس خێدا بێت، بەڵکو ئەم بەرهەمی دوو کەلتوری جیاوازو دوو پەرسەندنی کۆمەڵایەتی جیاوازو دوو زەمینەی جیاوازی ژیانە. هەر ئەو جیاوازییانەش کە دووانەی ڕۆژهەڵات / ڕۆژئاوای دروستکردووە.

لە دەقەکەدا هاتووە:

من ئەوم / گزنگەکی ڕەحانی لەسەر پەرچەمی با / لە هەڵکشانمدا لە نەوان وەزەرینگ و ئەزمە/ من دەبمە شینشاهە/ دەدەمە شەقی باڵ /

ئەی هیسکلیف / تۆ بیابانەکی پڕ لە گەردەلولی حەسرەت / چاوەڕوانی فڕینم بکەی / لە بەرزاییەکانی ئەوە / من دەم و لە پەنجەرەی کۆشکەکی قرمزیەوە / دەستەکانم درێژ دەکەم/ چێشنی ئەسحابێ / لەسەر روخسارت بەدوای جارانی خەمدا دەگەڕێم / لەسەر روخسارم بەدوای خەتدا دەگەڕێی/ من لە باخچەی بەئاگاکانی ئەرەوە / دەمە ناو ژووری سووتانی تۆ/ لە کەنارەکانت رادەکشێم / جەستەت پڕە لە بۆنی منالی من / جەستەم پڕە لە ئازاری رژەهەڵات/.

ئەم بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە، کە ئەم کاترینە، واتە ئەو ژنەی کە عەشقی هیسکلیفە. لە نەوان وزەرینگ و ئەزمەدا دەت و دەچێت. ئەم هاتوو چۆ و ئارام نەگرتنە لەبەر ئەوەیە کە پشتی لە خۆشەویستەکەی کردو هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تر کرد، بەڵام ئەم هەر خەیاڵی لای خۆشەویستەکەیەتی و بەخەیاڵ دەگەڵیەتەوە باوەشی ئارامی ئەو. بەڵام وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، ناوی کاترین و هیسکلیف دەمامکن و لە پشتی ئەو دەمامکەوە مەیل و ئارەزووی کەسێکی رژەهەڵاتی کە قەدەر یان خواست و ویست بۆ دوای ئاشکراکردندا گۆیاندوویەتیە ئەوە، واتە گۆیاندویەتیە بەرزاییەکانی وزەرینگ، یان – رژئاوا – لەوەوە دەیەوێت لە شەقڵی باڵ بدات و لەسەر بەرزاییەکانی ئەزمە، واتە لێرە لە رژەهەڵات بنیشتەوە و ئارام بگرێت. لێرەدا باوەشی ئەزمر بۆ ئەم هەمان شەوەی باوەشی هیسکلیفە بۆ کاترین. کاترین دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ باوەشی هیسکلیف بۆ ئەوەی ئارام بگرێت، ئەمیش دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئامەزی بەرزاییەکانی ئەزمر، واتە یەکەم عەشق کە رژەهەڵاتیش دەنوێنێت بەو ئومێدەی ئارام بگرێت و لە هەنگاوە هەمیشەییەکانی تەنهایی و خەوتی رژئاو رزگاری بێت.

ئەم پەیامیک بۆ هیسکلیف دەنێرێت و تیایدا دەڵێت کە دەبێتە شێنەشاهێ. لە راستیدا شێنەشاهێ بۆ ماسی گرش ناودەبرێت. شاهێ لە زمانی کوردیدا بەدەر لەوەی کە ناوی باڵندەو چیایەکیشە وەکو هەمای لەهاتوویی و گورج و گۆڕی و هەمەت باس دەکرێت و لەسەر ئەو بنەمایەش واتە بنەمای هەز زیاتر هەمای نەرینەیە. بەڵام لێرەدا ئەم کە شوێنی کاترینی گرتووە، دەبێتە شێنەشاهێ. هیسکلیف وەکو بیابانێک وەسف دەکات کە گەردەلولی حەسرەت داگیری کردووە. ئاشکرایە بیابان هەمای وشکی و بەبەرهەمی بی ژیانیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژیانی هیسکلیف بۆ بۆ کاترین وەکو بیابان وایە. هەروەک ئەگەر لەو روانگەیەوە سەیری هیسکلیف بکرێت، کە کاترین پەیوابوو رەش و رەق و گانتجاڕو پەستە، کە ئەمانەشی بۆ خاستی ناشارستانی بۆ ئەو دانەناو لەم رووەشەوە ئاماژەیەک بۆ رژەهەڵاتیبوون هەیە. دوای ئەم وەسفکردنەی هیسکلیف، ئەم پەی دەبێت

کە چاوەڕوانی بکات ئەم لەوەوە، واتە لە ڕۆژئاواوە دەفڕێت و بەرەو لای ئەو دێت. ئەم لە پەنجەرەی کۆشکێکی قرمزیەوە دەستەکانی درێژ دەکات بۆ ئەو، بۆ بیابانێکی پر لە حەسرەت. بۆگومان کۆشکی قرمزی دەلالەتی ئاوەدانی و شارستانێتی هەڵدەگرێت، واتە ڕۆژئاوا، بیابانی پڕ لە حەسرەتیش دەلالەتی وشکی و مەرگەستی هەڵدەگرێت. ئاشکرایە ئەگەری ئەوە نییە لە بیابانێدا هیچ جۆرێکی عیمران یان ئاوەدانکردنەوە بکرێت، کە ئەمەش لەگەڵ عەشقدا ناگونجێت چونکە بەچوونی لەوجۆرە هەیە کە عەشق سەرچاوەی بوون و ژیان و پێشکەوتن و بەرەمهێنانی شارستانێتیە.

ئەم لەوەوە لە ڕۆژئاواوە دێتەوە لەسەر ڕوخساری ئەو واتە دەدارەکەی، یان هیسکلیف، یان ڕۆژهەڵات بەدوای ڕابردووی خۆیدا دەگەڕێت. واتە ئەم پێوایە مەژووی ئەم، ڕابردووی ئەم، یادەوەرییەکانی ئەم، کە هەموو ئەمانە پێکەوە بوونی ئەم لە ڕابردوودا نیشان دەدەن، واتە لەو زەمینەی تیایدا لە دایکبووە، کەواتە بوونی ڕابردووی ئەم لەڕێیە، لە ڕۆژهەڵات. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم ڕەگوڕیشەی لەڕێیەوە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی بەرزاییەکانی ئەزمەر هەتا لەوە هەست بە بوونی خۆی بکات و ئارام بگرێت، هەمان شتەی کاترین چۆن عاشقی هیسکلیف بووە لەناو بوونی ئەودا تواوەتەوە ئێستا دوای هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ ئیدگار لینتن و هەستکردنی بە نیگەرانی و نەتوانینی لەبیرکردنی هیسکلیف، هەوەدەدات بگەیتەوە ئامێزی هیسکلیف و ئارام بگرێت. واتە لەڕەدا ئەم لەکچوونە تەریبە دەبینرێت کە ڕووبەڕکی فراون لە پانتایی دەڤەکە داگیردەکات و لە هەردوو هاوکۆشکەشدا گیانەوە بە ڕابردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئارامی، چی گیانەوەی کاترین بێت بە باوەشی هیسکلیف، یان گیانەوەی ئەمی ڕۆژهەڵاتی بە باوەشی بەزاییەکانی ئەزمەر کە زەدی ئەمەو قەناغێکی ژیانی ڕابردووی لەبەربردووە.

ئەم لەسەر ڕوخساری هیسکلیف بەدوای ڕوخساری خۆیدا دەگەڕێت. هەروەک هیسکلیفیش لەسەر ڕوخساری ئەم بە دوای خۆیدا دەگەڕێت. واتە هەریەکە هەوەدەدات ڕوخساری خۆی لەوی تردا ببینێت، یان بدزێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە هەریەکە ڕەنگدانەوەی ئەوی تر، یان ئەمان هەردووکیان هەمان ڕووخسارن. گیانی هەریەکەیان بەدوای خۆیدا لەسەر ڕوخساری ئەویتریان دەشێت وەکو بەگەڕ سەیربکرێت بە سەلماندنی عیشقەکەیان و کۆتایی نەهاتنی. هەروەک دەشێت مەبەست لە دوو ڕووخسار، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بێت. بەڵام ئێستا ئەوە دەبینرێت کە هیسکلیف بێتەواوەتی پەگەی بەرزاییەکانی ئەزمری پەدەرێت و ئەمیش وەکو زەدی خۆی یان بوون و ڕابردووی خۆی سەیری دەکات.

بەرهەم لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا پەیوەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەو جۆرە هاوسەنگییە کە هەریەکە لەوی تریانەدا بەدوای شوناسی خۆیدا بگەڕێت؟ بەڵێ ئەمەش جۆرێک لە ڕاستی تەدایە چونکە شوناس لەسەر بنەمای بەراوردو جیاوازی بەدەست دەت. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە دووانەی ڕۆژهەڵات / ڕۆژئاوا-دا هەرکام لەو دوو جەمسەرە جیاوازە بسەینەوە، شتێک نامێنێت بەناوی دووانەو ئەو تاکە جەمسەرەی دەمێنێتەوە ئەو ماناو دەلالەتەی نامێنیت کە لەبەرامبەر ئەویتردا هەیەتی، کەواتە لە دووانەی بەرامبەردا ئەوەی گرنگ یەکسانی و هاوسەنگی نییە، بەڵکو جیاوازی و لەبەرامبەر یەکتردا وەستانە.

جارێکی تر ئەم لە باخچە بەئاگاکانی ئەوەوە، واتە لە ڕۆژئاواوە دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو بۆ لای خۆشەویستی یەکەمی، یان بۆ ڕۆژهەڵات، کە لێرەدا زیاتر ڕۆژهەڵات وەکو چەمک دەبینرێت کاتێ دەڵێت " دەمە ناو ژوورە سووتاوەکانی تۆ، لە کەنارەکانت رادەکشێم". تۆ لێرەدا بریتیە لە ڕۆژهەڵات، وشەی ڕاکشان لە شوێندا دەبێت، واتە لە دەرەوەی شوێن ڕاکشان نیە، هەروەک چۆن لە دەرەوەی شوێن هیچ ڕووداوێک بوونی نییە . ژوورە سووتاوەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەموو کەموکورتی و وێرانیەکانی ڕۆژهەڵات دەنوێنن بۆ سەرچاوە مرۆیی و نامرۆییەکانیشیەوە. ئەم کە لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزاییەکانی ئۆزمە، باسی ئەوە دەکات ئەم کە لێرەوە گەیشتووەتە ئەوە، هەشتا یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و ئازارەکانی ئەو سەردەمە لە بوونیدا دەژین، چونکە ئەم لێرە لە ڕۆژهەڵات لە دایکبووەو نەوەی ئەم زەدەیە. واتە ئەم دەیەوێت بڵێت سەینەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردوو ئاسان نییە. هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کاتێک ئەمی ڕۆژهەڵاتی دەچێتە ڕۆژئاوا، ڕابردووی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەباتە ئەوە و دەشێ تەنیا لە ڕووی شوێنەوە جیاوازی هەبێت، ئەگینا ئەم بەو پاشخانە مێژوویی و کەلتوریەی ڕۆژهەڵاتەوە دەچێتە ڕۆژئاوا لەوێش لەسەر هەمان شێوەو بەهەمان ڕوانین و نەریت و کەلتوری ئەرەوە دەژی. واتە ئەوە دیاردەیەکی لەبەرچاوە کە زۆرینەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، کە دەشگوازنەوە بۆ ڕۆژئاوا، لەسەر زەمینەی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵاتێکی بچووک بۆ خۆیان دروست دەکەن. هەر لە ئەنجامی ئەوشدایە، زۆربەی کات دەبینرێت، ئەو ڕۆژهەڵاتیانەی دوای بەسەربردنی تەمەنێکی دوورودرێژیش لە ڕۆژئاوا هەر وەکو خۆیان ماونەتەوەو گەڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە. ئەوەتا ئەمیش کە لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە دەتەوێ بۆ بەرزاییەکانی ئۆزمە، باسی ئەوە دەکات کە هەشتا جەستەی پڕ لە بۆنی منداڵی، واتە بۆن و بەرامەی ئەو سەردەمەی کە لێرە بووە. هەروەها جەستەی هەشتا پڕ لە

ئازارکانی ڕۆژهەڵات. واتە ڕۆژهەڵات بەشکە لە بووونی ئەم و نەیتوانیووە لەی جیا بکتەوە.
ئەو منم / ڕەحیانەتی ژنکی عاشق / لە نەوان داکشانی بەرزاییکانی ڕۆژهەڵات و/ هەکشانی نشوییکانی ڕۆژئاوا / من گەکی نوورانیم / بەرزاییکانی ئەزمر پەن لە ڕەشبا / لە هاواری هیسکلیف/ وەزەرینگ- یش پەە لە زەنگەی عەشق / ئیدگار لینتن لە ناوەوەا دەگریا / منیش گزنگکی ڕەحانیم لەسەر پەرچەمی با / لە ئاسمانی بەرزاییکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا / حزورکی هەمیشەیی نادیارم / پەم لە هەما / هەمای ئیشراق لەسەر خاکەکی نائارام/.
لەپاە دووانەی ڕۆژهەڵات/ ڕۆژئاوا-دا ئەم زانیاری تر لەبارەی هەردوو جەمسەرکەوە پشکەش دەکات، کە لە ئاستی بینراودا ئەو زانیارییانە وەکو نەگونجاو دەبینرەن. لە راستیدا ئەوەش لە ڕەگای دووانەیکەوە نیشان دەدات کە ئەویش دووانەی بەرزایی / نشو-ە کە لەم ئاستەدا دووانەیکی ئاسایین. بەڵام بەرزایی وەکو ئاوەناوەک دەخرەتە پەش ڕۆژهەڵات و نشو دەخرەتە پەش ڕۆژئاوا. بەگومان کاتک لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا سەیری بەرزاییکانی ڕۆژهەڵات/ نشوییکانی ڕۆژئاوا بکەین دەشە وەهای لەکبدینەوە کە بە ماناو تەوانینی جوگرافی ئەوە بکارهەنرابت. بەڵام لە ئاستی نەبینراوییان لە ئاستی قوڵی دەقەکەدا ئەم دەربینە زمانیە دەلالەتی شارستانی، زانست، پشکەوتن تەکنەلەجیا، عەقڵ، بیر، کەلتور هەدەگرەت. بەڵام ئایا ئەوە چە دەگەینەت کە بەرزاییکانی ڕۆژهەڵات دادکشەن و نشوکانی ڕۆژئاوا هەدکشەن؟
دەشەت لە چوارچەوەی دەقەکەو بەستنەوەی بەو واقیعەی دەقەکە پەیوەندی پەیوە هەیە، وەها لەکبدرەتەوە کە پەشتر ڕۆژهەڵات زمینەی شارستانەتی بووە، بەرزاییکانی ڕۆژهەڵات مەبەست لە شارستانەتی ڕۆژهەڵات بوو بەت کە نموونەی ئەو شارستانەتیانەش شارستانەتی دەرینی چینی و هیندی و ئەرانی و میسپەتامیاو میسری کەن. ئەستا ئەو شارستانەتیانەی ڕۆژهەڵات هەرسیان هەناوە. واتە ڕۆژهەڵات ئەو پگە بەرزی هەیبوو لە دەستیداوە. لە سەردەمی کەندا شارستانەتی دیاری ڕۆژئاوا شارستانەتی گریک و ڕەمان بووە. بەڵام ئەم واینیشان دەدات کە بەراورد بە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا لە ئاستکی نزمتردا بووە. بەڵام لە ئەستادا بەو ئەندازەی ڕۆژهەڵات لە پاشکشەدا بووەو تاکو ئەستاش لە پاشکشەدایە، ڕۆژئاوا لە هەڵچووندا بووەو تاکو ئەستاش لە هەڵچووندایە.

ئەم لە نەوان داکشانی ڕۆژهەڵات و هەکشانی ڕۆژئاوادا، خەی وەکو گەک دەناسەنەت، بەڵام گەکی نوورانی. ئاشکرایە کە نوورانی

دڵاڵەتێکی ئایینی یان ئیشراقی هەیە. هەروەک ڕۆژهەڵات کە زەمینەی ڕۆح و ڕەمانسیەتە وەکو دنیای پرتەو و ئیشراق ناودەبرێت و زەمینەیەکە بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردن لە ڕەگای ڕەحەو. ئەم کە خۆی وەکو نوور پێشکەش دەکات، لە ڕاستیدا لە ڕووی ڕەگوەیشەوە بەشێکە لەو نووری ڕۆژهەڵاتیەی کە سەرچاوەی زوهدو تەسەوفیش. لە کاتێکدا ئەم خۆی وەکو نووری ئیشراقی ڕۆژهەڵات دەناسێنێت، ئۆزمر کە هاوتای ڕۆژهەڵاتە کانگای ڕەشبایە. واتە زەمینەی تۆپیی و ئاگنزی و پشەویی و هەڵچوون و ناسەقامگیریە، واتە زەمینەی هەست و سۆزو عاتیفەیە.. ئێستا بەرزاییەکانی ئۆزمە وەکو کانگای ڕەشبا لەبەرامبەر وۆزەرینگ دادەنرێت کە لە هاواری هیسکلیفدا وەکو عاشقێکی دەشکاو پەدەبێت لە زەنگۆی عەشق. بەڵام لە ڕاستیدا ئۆگەر بەرزاییەکانی ئۆزمە نموونەی ڕۆژهەڵات بێت و بەرزاییەکانی وۆزەرینگ نموونەی ڕۆژئاوا بێت، ئەوا هەمیشە یەکەمیان وەکو زەمینەی ڕۆح و هەست و سۆزو ڕەمانسیەت دەبە ببێتە زەمینەی عەشق. بەڵام ئەم هەر لەسەرەتاوەو بە پشتبەستن بە هەوەستی کاترین بەرامبەر بە هیسکلیف و هاوسەرگیری کردنی لۆگۆ ئیدگار لینتن، فەزایەکی ناشارستانی بەدەوری هیسکلیفدا دروست دەکات. هەروەک ئەم هیسکلیف دەخاتە شوێنی دەدارەکەی و خاسەتی ڕۆژهەڵاتی پەدەدات و دەیهێنێتە سەر بەرزاییەکانی ئۆزمەو لەوەو دۆگێتەوە هەتا لە باوەشی ئەمدا ئارام بگرێت. کەواتە ئەوەندەی عیشق و زەنگۆی عیشق لەڕدا پەیوەستن بە هیسکلیفەوە لەو ڕوانگەیەوە کە خاسەتی ڕۆژهەڵاتی پەدەدرێت، ئەوەندە پەیوەندی نییە بە بەرزاییەکانی وۆزەرینگەوە. ئیدگار هەرچەندە لای خۆیەوە کاترینی خۆش دەوێت، بەڵام پەدەچێت هەست بەوە بکات هەشتا کاترین لە خەیاڵی هیسکلیفدایە.

لە ڕاستیدا ئێستا هەمووان(کاترین، هیسکلیف، ئیدگار لینتن و ئۆزابەلای خوشکی لینتن کە هاوسەرگیری لۆگۆ هیسکلیف دەکات) هەریەکە بەجۆرێک پارچە پارچەبوون. هەکاری سەرەکی ئەم پارچە پارچەبوونی هەمووان عەشقی نەوان کاترین و هیسکلیفە، ئەویش لە ئەنجامی هاوسەگیریکردنی کاترین لۆگۆ ئیدگار لینتن. کەواتە بەو ئەندازەی کە عیشق و هەزی عیشق دەبێتە پاڵنەری داهێنان و بنیادنان، بەڵام ئۆگەر بە نادروست و هەڵەشەیی و لوتبەرزانە مامەڵەی لۆگەدا بکرێت ترسناکترین هەزی وەرانکەرە. ڕاستە ئەم کە ئەمی شاعیرەو خۆی دەچوێنێت بە کاترین لەو ڕووەوە کە کاترین کەسێکی خۆش دەوێت و هاوسەرگیری لۆگۆ کەسێکی تردا دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی پەرتبوون و پارچە پارچەبوونی لە نەوان هەزی عەشق و هەزی خواستدا، کە دەشێت ئەمی دووەمیان پاڵنەرێکی لەبری هەست و

سەزو دە، عەقڵ و بیرکردنەوەو مەشک بێت. دەشیت ئەمی شاعیر بە تەنیا بە ئەندازەی هەموو ئەم کەستانەی لە بەرزاییەکانی وەزەرینگ پارچە پارچە بوون، ئەم پارچە پارچە بووبێت لە نەوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. ئەم لە ژێر کاریگەری کەلتوری ڕۆژهەڵات و ڕۆگەیشەی ڕۆژهەڵاتیدا کە زەدی ئەمەو لەرە لە دایکبووەو ڕۆژهەڵات بەشکە لە بوونی ئەنتەلەجیانەی ئەم و ناتوانێت لە بوونی خۆیدا بیستەوە. حەسرەتکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و تاڵی کوردبوون بە تایبەتی وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی لە پەراوێزی ڕۆژهەڵاتداو حەسرەت و ئازارو تفت و تاڵی و بەدبەختی ئافرەتبوون لە ڕۆژهەڵاتدا و لە کەمەگای داخراو و پەراوێزیی کوردیداو بەتایبەتیش پاسیڤکردنی تواوەتی ئافرەتیش لەرە هەمووی هەکارن بە داخورانی ڕۆح و هەستی ئەم. گواستنەوەش لەم پاشخانەوە بە زەمینەی ڕۆژئاوا کە ئەم لە ئاستی یەکەمدا لەوە دووچاری نامبوون و هەستکردن بە نائامادبوون و بە شوناسی دەکات دووچاری ترسناکترین داخورانی ڕۆحی و هەستی و مەعنەوی دەکای.

ئەستا لە نەوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ئەم لەم ئازارو ژانی ڕۆح پەوکەنەی پارچە پارچە بوونی نەوان ئەم دوو جەمسەردا دەژی و وەکو ئەوە وایە لە نەوان هەردوو لادا بەسەر پشتی باوە بێت و لەهەر چرکەساتەکدا ئەگەری بەربوونەوەو وێرانبوونی تواوەتی هەیە. ئەم بەردەوام لەم بارەدا دەژی، بارەکی هەڵواسراو و شلەق کە نە دەتوانێت بە تەواوەتی بگەڕێتەوە بە ڕۆگەیشەی خۆی، بە زەدو بە شوێنی یەکەم بوون و خۆناسین، نە دەتوانێت ئەم رابردووە، ئەم ڕۆگەیشەیە لە بوونی خۆیدا هەبکەنێت و لەوە لە ڕۆژیاو ئارام بگرێت. ئەم ئەستا لە هەمان باری کاتریندایە. نە لە باوەشی ئیدگار لینتیدا ئارام دەگرێت و ڕۆحی بحەوێتەوە، نە دەگاتەوە باوەشی هیسکلیف و لە ئامەزی گەرمی یەکەم عەشقدا بەهەوری پشووبدات و هەست بە عیشق و بە ئاسودەیی ئامەزی دەدارەکەی بکات. ئەمەش واتە ئەم بارە شلەقە بە ئەوی ژنی ڕۆژهەڵاتی وەکو ڕاوەستانە لەسەر دەمی ئەو خۆنجاندە ڕۆژهەڵاتیەی کە هەزی نەریت و ئایین و پیاوسالاری لا لا مووی پەدەکەن و نەک ڕۆحی تەنیا ئەمی شاعیر وەکو ژنێک بەکو ڕۆحی هەموو ژن و ڕۆحی ئازادی و ڕۆحی هەموو بوونی پێ سەردەبڕن. ئەم بەردەوام لەم بارە ناسەقامگیرو پر دەڕاوکێیدایە. لەو بارەشدا باسی ئەوە دەکات کە ئەم پێ لە هەما، هەمای ئیشراق لەسەر خاکەکی نائارام. بەگومان لە سەر بنەمای ئامادبوونی ئەم لە دەقەکەدا کە چۆن هەست بە ونبوون و پارچەپارچەبوون دەکات لە نەوان ئەرەو ئەوەداو بەرجەستەکردنی دوو جیهان لە جوگرافیای دەقەکەدا کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە و وێناکردنی خۆی لە هاتن و چوونی نەوان ئەم دوو

جیهانەداو نەتوانینی ئارام گرتن لە هیچ کامیاندا و نەتوانینی دەستبەرداربوونی هیچ کامیان، ئەم وەکو هەمای ئیشراق لەم باری ناجێگیریەدا پشکنش دەکات کە وەکو بوونێکی هەواسراو وایە لە بەشایید ا.

لە دەقەکەدا هاتووە:
من ئەوم / لە بەرزاییەکانی ئازمە دەمەوە / گزنگێکی رەحانیم / لە خەوتگای وازرینگ من زیکر دەکەم/ تەنکی تەنکم / نیوەم هی ئەریەو / نیوەکەی دیکەم هی ئەوە / من نە لەوە پەم / نە لەرە کامە / لەسەر رووباری ئەو تەکەنەبوونە / سەرگوزشتەیەک دەمنووستەوە / عاشقەکم لە بەرزاییەکانی ئازمە و وازرینگدا / بە دوای ئاوەتەبوونی دوو رەحدا وەم /حزوری هەمیشەیی پیاوەکی نادیار / من بە دوای رەحیانەتی تەدا دەدەمە شەقی با ن./
لەم کەپلەیەدا کە کەتایی دەقەکەیە سنوورەکانی دووانەی رەژەەات / رەژئاوا بە تەواوی لەسەر نەخشەی جوگرافیای دەقەکە دەکەشرەت و ئەمیش لە نەوان ئەم دوو جەمسەرەدا دەت و دەچەت، یان یەکلایی نابەتەوە بەوەی لە جەمسەرەکیاندا ئارام بگرەت و شوناسی یەکەکیان وەربگرەت. هەربەیە لەرەدا کەسەک دەبینرەت بە دوو شوناسەوە، شوناسی رەژهەاتی کە بە ئەو شوناسی بوونە، شوناسی رەژئاوایی کە شوناسی وەرگیراو یان بەدەستهەنراوە. کە ئەم ناتوانەت دەستبەرداری هیچیان بەت. لە ئەنجامی ئەوەدا ئەم دابەش دەبەت یان پارچە پارچە دەبەت، کە دەشەت بە دابەشبوونی بوونێک یان کەینوونەیەک ناوببریت یان بە دابەشبوونی شوناس دابنرەت چونکە شوناس خاسەتی ئامادەبوون و بوونی ئەو بووەیە یان ئەو کەینونەیە. ئاشکرایە هیچ ئازارێک بە ئەندازەی ئازاری دەبەشبوونی بوون یان شوناس ئازاربەخش نیە. ئەستا ئەمی شاعیر یان ئەو کەسەتیەی لەژەر ماسکی کاتریندا خەی نیشان دەدات لەم پەگەیەو لەم باری دابەشبوونەدا دەژی. هەربەیە لە هیچ لایەک ئارام ناگرەت و بەردەوام لە نەوان ئەرەو ئەویدا دەت و دەچەت، کە دەشەت ئەم هاتن و چوونە وەها لەکبدرەتەوە کە جەستە لەوە بەت بەنام بە خەیاە و هەست و یادەوەری لەرە بەت.
ئەم وەکو تەنکی تەنک باسی خەی دەکات کە کەرتبووە بە دوو نیوە، نیوەی لە رەژهەاتەو نیوەکەی تری لە رەژئاوایە. بەگومان هەروەک خەی ئاماژەی بە دەکات لە هیچ لایەکیان بوویەکی تەواو نیە. لە راستیدا تەنیا بوویەکی تەواو یان کەسەکی تەواو هەست بە بوونی تەواوەتی دەکات، نەک بوویەکی دابەشبوو، ئەگەرچی ئەمەش دەربەینەکی گریمانەییە چونکە تەواویی هەموو بوونێک بە مرۆقیشەوە رەژەییەو مرۆقی تەواو، یان بوونی تەواو جەرەکە لە وەهم. بەنام ئەم ئەوە

نییە بە سروشتی تەواو نەبەت، وەکو هەموو مرۆڤکانی تر، بەکو ئەم بەو شەویەی هەیە جارێکی تر کەرت بووە، بەام کەرتبوونکی رووکەش نا، بەکو کەرتبوونی جەوهەری، کەرتبوونی رەح، کەرتبوونی هەست، کەرتبوونی تەامان و بیرکردنەوە، کەرتبوونی هەموو بوون بەهەموو رەهەندکانیەوە، کە ئەوەش وەکو گوتمان ئازاربەخشترین بارە کە مرۆڤی تە بکەوەت.

ئەم هەر ئەوە نییە بە بە ئاگایی لە نەوان ئەم دوو جەمسەردا بەت و بچەت و تەنانەت ئاسودەش بەت، کاتێک کە دەتوانەت لە گەشتی نەوان ئەم دوو جەمسەردا تا ئەندازەیک بە ئازادی بجوەەت. نەخەر ئەم کەستیە بەو ئەندازەی لە ئاستکی بەرزی هەستکردندایە بە کاریگەری کەلتوری و عەقڵی و کەمەڵایەتی و مەژووی هەریەکە لە رەژهاەات و رەژئاوا لەسەری، بەو ئەندازەیش هوشیارو بەئاگایە لەوەی چەن بوون و پەگەو ئامادەبوونی خەی لە هەریەکیاندا ببینەت و لەوەش تەدەگات کە دابەشبوون لە نەوان ئەم دوو جەمسەردا چەن لە لایک رەگوەیشەی لە رەژهەاتیی لەق و لاوازکردووە بە جەرەک ناتوانەت بوونی ئەوە، واتە رەژئاوا لەخەیدا بسەەتەوەو لەرە رەگوەیشەی خەی دابکوتەتەوە. هەروەک سەرباری ئەوەی کە توانیوەتی تا ئەندازەیکی باش شوەن پەی خەی لەوە، واتە لە رەژئاوا بکاتەوە، بەام کاریگەرییەکانی رەگوەیشەی ئەرە، واتە رەژهەات رەگای نادات بەتەواوی لەوە لە رەژئاوا رەگ داکوتەت و ئەرە، واتە رەژهەات بەهەموو پاشخانەکەیەوە، واتە رابردوو، رەگوریشە، ئەسە، کەلتور، مەژوو، هەست، بیرکردنەوە، یادەوەری لەخەیدا بسەەتەوەو بەتەواوی لەوە جەگای خەی بگرەت. واتە دەستبەرداری جووت شوناسی ببەت کە شوناسی رەژهەاتی و شوناسی رەژئاواییە.

لەرەدا بە ئاشکرا دیارە کەسی شاعیر دووچاری هەمان ئەو دابەشبوونە، یان ئەو جووت شوناسییە بووە کە بووەتە بنەمای رەخنەگرتنی زەرەک لەو رەخنەگرانەی رەژئاوا کە رەخنە لە ئیدوارد سەعیدی خاوەنی تیەریی رەژهەاتناسی و تیەرییە ناوازەکەی دەگرن لەسەر بنەمای جووت شوناسی ئەم بیرمەندە رەژهەاتییەی کە بە بەچوونی رەخنەگرەکانی خاوەنی شوناسی رەژهەاتی و رەژئاواییە. بەگومان دەستبەرداربوونی شوناسی رەژهەاتی، کوردبوون، ژنبوون بە گوەرەی ئەم کەستە کە کەستی شاعیرە، دەستبەردابوونی ئەو دەگەیەنەت لە بەشەک لە بنەما سەرەکییەکانی بوونی خەی وەکو بوویەکی ئامادەو خاوەن شوناس. ئاشکرایە لە روانگەی عەقڵ رەژئاواو یەرەسەنتەر و عەقڵی ئەوی خەباەابینی رەژئاواوە، رەژهەلات وەکو ئەوی سەرەتایی و ناشارستانی و تووندوتیژو دواکەوتوو.. سەیردەکرەت. ژنبوون بە مانای ئەویترو رەگەزی دووەم و نزم و تەنیا

جەستەو هەکاری چۆڕی ڕەگەزی یەکەم سەیر دەکرێت. کوردبوون کە نەک ڕۆژئاوا، بەڵکو تەنانەت عەرەب و سیاسەت و شارستانێتی ڕۆژهەڵاتیش دان بە بوونیدا نانێت، ئەوا لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە مەگەر تەنیا وەکو قوربانی و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ببینرێت، کە ئەوەش لە ڕووی ئامادەبوون و شوناسەوە هیچ بەهایەکی نیە... هەموو ئەم خاسەتانەی کە ڕۆژئاوا دەیداتە پاڵ ڕۆژهەڵات، کە لە ڕاستیشدا ڕۆژهەڵات ئەم خاسەتانەی هەن، هەموویان لە کەسێتی شاعیردا، یان لە ڕووبەری هەست و نەستیدا ئامادەبوونیان هەیە. واتە ئەو ڕۆژهەڵاتیەی لە وەسفی ڕۆژئاوادا هەیە، بریتیە لە پاشخانی ئەم کەسێتەو ناتوانێت لەخۆیدا بیسەڵمێنێت. ئەمەی کەسێتی ئامادەی ئەم دەقە شیعریە کە خۆی بە کاترین ناودەبات، لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە لەم بارە شلاق و نائامادەییەداو خۆیشی هەست بە تەروانینی ڕۆژئاوا بە خۆی دەکات، کە بارەکی ئازاربەخش و خنکێنەرە، ئەمەش گەوهەری نائارامی ڕۆحی ئەم کەسیەتیە کە لە نێوان دوو کەلتوردا پارچەپارچە بووە.

ئەم چاوەڕوانی ئەوە ناکات کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاو تەکەنە بن، واتە لەڕەدا ڕووبەرووی هەمان بەچوونی ڕۆژهەڵاتناسی و تێگەیشتنی خاوەنی چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی، ئیدوار سەعیدی نوسەری بە ڕەگەز فەلەستینی و جێگیربوو لە ئەمەریکا- ڕۆژئاوا-. هەڵبەت بە پێی چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی هەگیز نەک تەکەنەاوبوون لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا دروست نابێت، بەڵکو هاوتایی لە نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا دروست نابێت. ڕۆژئاوایەک کە وا سەیری خۆی دەکات ناوەندە، پێشکەوتنە، پەرەسەندنە، تەکنەلجیایە، عەقڵە، بیرە، تەئامانە، کارو پیادەکردنە، ڕۆژئاوایەک کە وەها سەیری خۆی دەکات هەڵە، دەسەڵاتە، هەژموونە، دەزگەوەو ئاشکراکەری نهێنیەکانی گەردوونە، شارستانێت و مێژووە، هەموو ئەمانەش ڕوایەتی ناوەندبوون و یەکەمبوون و سەروەرێتی جیهانی بە فەراهەم دەکەن، وەها سەیری ڕۆژهەڵات دەکات کەنارە، دواکەوتووە، پەرەسەندنی نیە، تاکو ئێستا کەمەگای خەو و فیودالیە، لە دەرەوەی عەقڵە، سەزو عاتیفەو هەڵچوونە، زەمینەی گوتاردان و مەوعیزەو ئامۆژگاری ئایینیە، لاوازو بە دەسەڵات و بە هەژموون و پاشکەو بەکاربەرو بەکارهێنەرەو خاوەنی شارستانێتی نییەو لە دەرەوەی مێژووە، کە هەموو ئەمانەش وای لە دەکەن کەنار یان پەراوێزی ڕۆژئاوا بێت و ڕۆژئاواش ڕوایەتی هەبێت هەژموونی بەسەردا بکات و بە گوتەی خۆی بە ئەوەی بەرەو ئاستەکی باشتر بیگوازێتەوە. ئەمەش گەوهەری گوتاری کەلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا بوو لە پەلاماردانی ڕۆژهەڵاتدا، کە ئامانجی سەرکی ئەرینتالیزم بوو. کە لەوەشدا باڵادەستی کەلۆنیالیستی ڕۆژئاوا- واتە هەزو هەژموون و

دەستەبات و عەقڵ و کەلتووری باڵا- سەپێندرا بەسەر ئەرێی ڕۆژهەڵاتدا- ئەرێی لاوازو بێ هێزو بێ هاژمووون و دەستەبات بەسەردا کراو، ئەرێی دەروەی عەقڵ و بیرو ئەرێی کەلتووری ڕۆژهەڵاتی، کەلتوری ڕەمانسی و خەیاڵ. بگومان بەم دوو پاشخانە جیاوازەوە ناشێت ئەم دوو جەمسەرە تێکەڵاو ببن.
ئەم کەستیەی لە دەقکەدا ماسکی کاترینی پێشیووەو نیگەران و ماندووەو کەرتبووە، هوشیارەو باش دەزانێت هیچ ئۆگەرێکی تێکەڵاوبوونی جەمسەری ڕۆژئاوا / ڕۆژهەڵات نییە، بۆیە لەبەردەم مەترسی بەردەوامبوونی باری کەرتبوونی خۆیدا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا راماوەو وێ و نیمچە سەرگەردانەو دەشێت بەردەوام ئەم پرسیارە لەخۆی بکات: ئایا ئەم دوو جەمسەرە تێکەڵاو دەبن؟ ئایا ڕەحی ڕەمانسیانەو خەیاڵ و ئەندێشاوی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ڕۆژئاوای مادی و ڕووتکراوە لە هێست و سەزو خەیاڵ، ڕۆژئاوای عەقڵ و تەکنەلجیادا تێکەڵاودەبن؟ ئەم وێناەمکی دنیاکەرەوەی دەست ناکەوێت، هەربۆیە بۆ ئەندازەی ئازارو ژانکانی دابەشبوون ڕەحی دەکرێژن، بۆ ئەندازەیش سوورە لەسەر گێان بەدوای نەوایەک یان وارێکدا ئارامی تێدا بگرێت. تاکە شوێنکی لەو جەرەش تەنیا ئامێزی ئەوە، ئەو کەسەی کە لەژێر ماسکی هیسکلیفدا حەشاردراوە، کە بە بڕچوونی ئەو ئامێزکی ئارامە. هەبێت دەشێت ئەو شوێنە ئامێزی هاوشێوەکەی هیسکلیف بێت، یان ئەو شوێنە بەرزاییەکانی ئەزمە، یان ڕۆژهەڵات بێت، واتە زێدو نیشتیمانی ڕاستەقینەی ئەو، کە ڕۆگۆیشێی هێشتا لەرە لەم ڕۆژهەڵاتەو لە قوڵایی ئەم خاکەدایە. ئەم دیاردەیت بە فەینی بە ئەرە لە ئامێزکی هێوردا ئارام بگرێت و لە کەرتبوونی نێوان ئەرەو ئەوە ڕزگاری ببێت.

بەرەو نەمانی خۆشەویستی.. د. حیکمەت نامیق

ئەوەی کە دەمەوێ قسەی لەسەربکەم توانەوەی خۆشەویستیە لەسەر دەمی بەجیهانیکردن و بە سۆشیاڵ میدیاکردنی کەمەگا، هەنگە فێم و جەرەکانی خۆشەویستی لە کەمەگایەکی گەشەکردوی ئەقڵی تاادەیەك جیاواز بێت لەهەندێ خەسڵەت و تایبەتمەدیدا، بەڵام بەگشتی بەپێی

توژینەوەی کەمەناسەکان خشەویستی سزداری نوان ژن و پیاو تواوەتەوە یان تەواو وون بوە لەبەرچەندین هکار، هنگە بە سشیا میدیاکردنی کەمەگا پشکی شری بەرکەوت، چونکە کاتك خشەویستی لەهەموو شونکی کەمەگا بەردەست بوو هەرکاتك ویستت بەدەستی بنیت ئەوا دەبتە شتکی هەرزان دەگت بە کاو مەودا کورت دەبت ئامانج و وەزیفەی لەدەستدەدات.

لەمژە سسیلژیستەکان ئەوەیان بەگوی خونەر داوە کەوا خشەویستی لەسەردەمی ئستادا کتایی پهاتوە ، سکس و ابواردن و چژ وەر گرتن شونی گرتتەوە بنمووونە کەمەناسکی وەك(باومان) لەکتبی(خشەویستی شل) پی وایە کە سکس لەسەردەمی پست مدرنەدا شونی بەهای خشەویستی گرتتەوە، ژنە کەمەناسی فەهنسی بەهگەز مەغریبی (ئیقا لز) لەکتبی (نەمانی خشەویستی) دەل ئەوانەی پشتر یەکتریان خشدەویست ئیًستا یەکتر بەجدەهن ئەو لەتوژینەوەکەیدا بەترو تەسەلی ئاماژە بە نەمانی چیرکی خشەویستی دەکات و دان بەوە دادەنت کە ژیانی خزان و پەیوەندی رٍەگەزەکان پیەتی لە نائارامی و نا هگربوون لەگە یەکتر بەشوەیەك پەیوەندیەکان هەوەشاوەتەوە کە مرق توشی شك دەکات، ئەو پەیوەندیە هگریەی نوان هەردوو هگەز یان بەومانایەکی دیکە ئەو ئازادیە خودیە لەسەر بنچینەیەکی هسمی و کنتراکت گردراوە تیدا یەکانگیری خزان دەکەنە وەزیفەی یەکتر هەروەها لەپناو خزانکی تەندروست کشش دەکەن، بەهەرحا ئەگەر خشەویستی لەپشودا پابەندبونی ئەخلاقی نوان دوو اگەز بوو بت بەرانبەر بەیەکتر ئەوا ئستا بەرەبەرە ئەو پابەندبوونە ئەخلاقیە بزر دەب لەنودنیای سشیا میدیا و بەرخریزم و سەرمایەداری و یکلامدا. کوردستان لەسەردەمی جیهانگیری ناژیت بەومانایەی قناغی دەرەبەگایەتی و خایەتی و سەرمایەداری بە سروشتی تپەاندبت ، بەام شەپلی ئەو تەه کەمەایەتیانە کەبەرهەمی سیستمی سەرمایەداری و پژی بە جیهانگیریکردنی نیو لبالیزمە یەکسەر بە ب س و دوو بە ب پشکنین و لکەوتەکانی لەسەر خزان وکەمەگا هاتە نو پەیوەندیە کەمەایەتیەکان، خشەویستی کردە مادەیەکی لاستیکی شل خەریکە ئەو بەها جگیرەی کە هەبوو بەتەواوی لەناوی دەبات، لە پەیوەندیەکی کتایی تکمەو یەکانگیرەوە گی ب مادەیەکی شل هەرکاتك بیەوت ئەو وەزیفە بەهاییە بەیەکجاری پدنت.بەب بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیفکی ماقوو ب ژیانکردن و پکەوە ژیانی هەردوو هگەز.

